ژمارەی ٨ **هانا** زستانی ١٩٩٨

## ناوەروک


١ـ سه روتار \ ئاسو ........................................................................ ٢

٢ـ ته عتیلی هه شتی مارس \ ریبوار ..................................................... ٤

٣ـ کی له سه ر پشتی مه ره!؟ \ سه لام عبدالله ئیبراهیم ...................................... ٦

٤ـ ئه ده بیاتی کریکاری له ئالمان \ ستیوره په ککالین \ سلیمان قاسمیانی ............... ١١

٥ـ بژی وشەی جوان وئازاد \ بەیاننامەی دەستەیەک لە نووسەرانی کورد ....... ١٨

٦ـ چه ند تابلو \ سمکو ئه حمه د ....................................................... ١٩

٧ـ مه نووسه، مه پرسه، بترسه، مقه ستیکی "هه تاو"ت به سه! \ عبدالله سالح ................. ٢٠

٨ـ خوشه ویستی قه ده غه \ له یلا ............................................................ ٢٤

٩ـ شیعر:

دارا سوورخوچی \حه مه سه عید حه سه ن \ ب ـسولین \

حه مه عه لی حه سه ن \ ئاسو ................................................... ٢٧

١٠ـ شه وی ده مامکه کان \ د. ئەحمەد ئیبراهیم فەقێ \ ئیبراهیم فەتاح ......... ٣٥

١١ـ گه وره بووم و ده ستم به و هه تاوه سووره نه گه یشت! \ به یان ناسیح ................. ٤١

١٢ـ سه ختیه کانی عه بباس وه لی بو له ق کردنی بیروبوچوونی کومونیستی

له چی دایه؟ \ نوری کریم ...................................................... ٤٢


***

# سەروتار

ئاسو

لەسەر کەنارەکانی دەریای ئیجەوە، بەلەمیک بە خویی و چەندین سەرنشینە وە لە ئیوارە یە کی بی ئاسودا کە نار جی دیلی. لە سە ر سنووری تورکیا و یونان، دە ستە یە ک لە ئامادە باش دان؛ هە ر لە گە ل بە خە بە ر هاتنی مانگدا خویان بخە نە وە ناو دە شتی ئە لغام ریژ. کە شتییە ک بە خویی و ۱۲۰۰ ئینسانە وە لە کە نارە کانی ئیتالیادا، بە ر لە وە ی بگاتە بە ندە ر، لە تە نکاییدا لە نگە ر دە گری.

لە چایخانە یە کی شاری سلیمانی یان هە ولیردا، کە سیک دانیشتووە و لە گە ل کومە لیک گە نجدا، مامە لە و سە ودای گە شتیک دە کە ن لە ناو جە رگە ی شارە وە بو سە ر سنووری ئە لمانیا.

دایکیک بە رە و سە رقە بران ری دە کە وی و لە بە ر خویە وە دوعا دە کا: "کورم؛ بو خاتری هە رچی شیخ و موشایە خ هە یە هیچت لی نە یە ت، کورم خوزگە بە قسە ی منت دە کرد و بە بە لە م نە دە پە ریتە وە. خوایە بیخە یتە دلیە وە، ناچار نە بی و ریگای دە ریا نە گریتە بە ر."

لە سە ر سنووری ئیبراهیم خە لیل دە ستریژیک دە کری.

باوکیک لە شاردا، لە خە و رادە چلە کیی و بە رە و سورە تی ئایە تە ل کورسی سە ردیوارە کە هە نگاو هە لدینی.

بە لە م دە گاتە ناوە راستی دە ریاو دیمە نی جزمە ی منال و قە مسە لە و جل وبە رگی تری سە رئاوکە وتو، گورستانی دە ریایان پیشان دە دات.

لە هەمان کاتدا، دەستەیەک لەو رابەرانەی کە هیچ کات حەرەسی بەر سەفارەتخانەکانیش وەلامی سلاویانی نەداوەتەوە، بونەتە پەپولەی ئاشتی و لە دەوری میزیکدا، لەگەل بەرپرسیارانی دەولەتیکی ئەوروپیدا، ئیمزای پروتوکولیک دە کە ن بو ناردنە وە ی ئە و کە سانە ی لە ناوچە کانی ئاسایشی کوردستانە وە هاتوون.

لە سە ر پە رە ی روژنامە ی « حریت»، وینە ی کومە لیک خنکاوی دوینی شە وی تیادایە کە لە دە ریای ئیجە دا خنکابوون.

لە ژیر وینە کە شدا نووسراوە: "کومە لیک تورکومانی عیراقی لە کارە ساتی دوینی شە ودا، لە لایە ن پولیسی کە نارە کانە وە دە دوزرینە وە."

لە شاردا، هاواری ژنانی پرسەیەک گویی ریبوارانی کولان پردەکات: «کورم، من بەس ریگای قە برستانی سە یوان و شە هیدان و غە ریبان و شیخ محی الدین دە زانم. ریگای کام گورستانە ت بو بگرم؟»

پەرلەمانی ئەوروپی، لە سەرمیزی دانیشتنی روژیاندا، باسیان دەکەن بەباسی؛ چونیە تی ریگاگرتن لە شە پولی ئە و کوردانە ی ئە وروپایان کردوتە دوا مە نزلی کوچ و باریان.

لە سە ر لاپە رە کانی روژنامە یە کی کوردیدا، گە مژە یە ک دە نووسی: «ئە و خە لکە دولار و پارە ی کومە کی کومە لایە تی کویری کردوون و ریی غوربە تیان گرتوتە بە ر.»

ئە گە ر باری ئابووری فاکتوریکە ، ئە وا لە م دیاردە ی کوردستان جیهیشتنە دا، فاکتوری سە رە کی بی ئاسویی چارە نووسی سیاسی کومە لگایە کە لە نیشتمانە وە، کرا بە کە مپی چاوە روانی و ئاوارە یی.

بە رە نجامی سیاسە تیکە کە پیشبرکیی دوو زل هیزە کە ی کوردستان بو خوسازدان لە گە ل حکومە تی مە رکە زی دا یە کیک لە روخسارە کانیە تی.

جگە لەوەی سنوورپەراندنی هیزە سەرکوتگەرەکانی تورکیا و ئیران، لە روژمیری خە لکی کوردستان دا بوتە روژیکی هە میشە یی.

خەلکی کوردستان ئەگەرچی چەندین ساڵە لە ژێر بۆمبارانی فیکری هێزە کانی ناسیونالیست دا میشکیان پڕ دە کرێ، کە چی لە ژێر دە سە ڵاتی ئە وان دا بە کۆمە ڵ هە ڵدێن.

کۆمە ڵێک پۆلیس لە "تۆپ قاپی" چە ندین گە نج دە گرن.

دوو پە نابە ر لە ناو لۆریە کی سە رو بن قە پاتکراو دا دە خنکێن.

زرمە ی تە قینە وە ی زنجیرە مینێکی سە رسنووری یونان، چە ندین کە س لە ناو دووکە ڵ وخوێن دا ون دە کات.

بە ڵە مێک دیسان ڕێگای گۆرستانی دە ریا دە گرێتە وە بە ر.

خەلکی کوردستان چەندین ساڵە بە سرووده‌کانی "چەند شیرینە لام دار و بەردی وە تە نم" و "خوایە وە تە ن ئاواکە ی" گوێ دە گرین، کە چی کە نیشتمان پارێزان ماسکە کە ی ڕوخساری خۆیان داکە ند، کە م نە بوون ئە وانە ی بڕیاران دا، لە سە رسنوور و لە و دیوی سنوور و لە دە ریادا، ئە نتە رناسیونالیستانە بمرن.

***

هەواڵنامەی کتێب

# هەشتی مارس ئەبی ئازاد بی لە کارکردن!

مصلح شیخ الاسلامی (ریبوار)

هە شتی مارس، روژی جیهانی ژن، ئەبی لە هەموو ولاتانی دنیادا روژیک بی ئازاد لە کارکردن. قە دری ئە م روژە کە متر لە "کریسمە س" و "قوربان" و "رە مە زان" و "پوسک" (فە سح، ئە ستر) نیە هیچ، لای من زیاتریشە! کامە رووداوی موهیمتر، لە وە ی هە شتی مارس، لە کریسمە س و قوربان دا رووی داوە کە روژیک پیشتر و چە ند روژیک دواتریشی پیوە تە عتیل دە کە ن؟

چەند سالیک لەمەوپیش، لە سەروبەندی ئەم باسەدا، دوستیک بە سوعبەتەوە گوتی: جە ژنی هیلکە گرینگترە یان روژی جیهانی ژن؟ مە بە ستی ئە وە بوو کە ئە گە ر لە جە ژنە کانی تر بکولیتە وە، رە سم وباسایە کن لە دە وری تازە بوونە وە ی سال و بەهار و سەرلەنوی بوونەوەی بەرهەم هینان دامەرزاون کە، بو نموونە، لە رە نگ کردنی هیلکە دا (نە وروز و پوسک) رە نگ ئە داتە وە. لە ئال وگوری دوایی دا داستانی مە سیح و ئیبراهیم و ئیسماعیل خراونە تە سە ر ئە م سوننە تانە. لە م روانگە وە، قە درگرتن لە نیوە ی خومان و هە ولدان بو بە رابە ری ژن و پیاو گە لیک گرینگترە لە هاتنە وە هیلکە ی مریشک و تازە بوونە وە ی بە رهە مهینانی بەهاری کە لە دنیای سە نعە تی ئیستادا مە عنایە کی وایشی نە ماوە. ئیتر باری مە زهە بی و خورافی ئە م سوننە تانە ش خوی باسیکی جیاوازی پیویستە.

سوننە تی مودیرن و تازە ی وە کوو روژی جیهانی ژن، سە راسە ر، لە قازانجی بە شە ریبە تی چە وساوە یە. بو نموونە، روژی ئە وە لی مانگی مە ی هیچ رە نگیکی خورافی و مە زهە بی نیە و هە ر لە ریوە هە لدە کوتیتە سە ر چە وسانە وە و نابە رابە ری و سەرتاپا باسی شانخزاندن لە ژیر باری زولم و چەوسانەوەیە. ئەم جەژنەش، کاتی خوی، بە خە بات و تیکوشانی شیلگیرانە ی خە لکی کارگە رو چە وساوە دامە رزاو کرایە روژی تە عتیلی و ئازاد لە کارکردن. بو نموونە لە ئیران، ناچار بووین دووجار؛ جاریک لە سە ردە می پاشایە تی دا و جارییکی تریش لە سە ردە می جمهوری ئیسلامی دا، بو بە رە سمی ناسرانی ئەم سوننەتە کارگەری و سوسیالیستییە خەبات بکەین، ئیستا ئیتر، روژی جیهانی کریکار سوننەتیکی دامە رزاوی سوسیالیستی یە و لە هە موو شوینیکی جیهان بە رە سمی ناسراوە.

هە شتی مارس بە لام، ئاوا جیهانی نە بووە تە وە. بە لی، لە و ولاتانە ی زووتر بە خویان دە گوت سوسیالیستی (یە کیە تی سوفیەت و...) سوننەتیکی بە رەسمی ناسراو بووە و تەعتیل بوونی کار لەو روژە ش دا قبوول کراوە. بە لام، لە باقی ئورووپا سوننەتیکی نیوەو ناتەواوە و هیشتا خەباتی پیویستە. لە باقی جیهان لەوەش زیاترە؛ لە هەندیک شوین، تە نانە ت، هە ر ناویشی نیە.

کاتیک لە سوید باسیکی وا دینیتەگور، جوابت دەدەنەوە: "ئەوە بو شوینیکی وەکو ئیران پیویستە کە ژنانی تیدا بەردەباران دەکرین. لە سوید ژن و پیاو بەرابەرن"! بی خەبەری و نائاگایی هە ر ئەبی وابی. ئەمانە، تەنانەت، روژنامە ئاسایی یە کان ناخویننە وە بزانن لە سویددا سالی سە دان ژن بە دە ست شوویانەوە لە مالی خویان فیرار دە کە ن؛ دە یان ژن لە ژیر لیدان دا دە مرن؛ یان چوناوچون لە شوینی کار دا زولمی جنسی یان لی دە کری؛ یان کری و داهاتیان هیشتا زور لە پیاو کە مترە. ئە مە سویدە و یە کیک لە "باشترین" شوینە کانی جە هە ننە می سە رمایە؛ باقیتر حیسابی دیارە! ئە مانە پی یان وایە هە ر بە ردە باران نە کرای ئیتر جیی شوکری باقی یە!

جوابیکی تر کە حازرە و دە سبە جی دە ت دە نە وە ئە وە یە کە: روژیک تە عتیل بوونی کار زە رە ر لە ئیکونومی کومە ل دە دا و چی وچی. نازانم بوچی کاتیک داروخانی بورسە کان لە هونگ کونگ و کوریا زە رە ر لە ئیکونومی دە دا ئە م باسانە

ناکری، بە لام، کاتیک ئیمە بمانە وی جە ژنیکی خومان بە ئاسوودە یی بە رپا کە ین خیرا سە رزە نشتی ئیکونومیستانە دە کریین!؟ کاتیک بە دە یان و سە دان ملیونمان لە دنیادا بیکار دە کە ن ئە م ئیکونومیستانە لە گویی گادا نوستوون بە لام کاتیک دە مانە وی خومان بو خوپیشاندانی بە رابە ری ژن و پیاو ئامادە کە ین و بە و بونە وە نە چینە سە ر کار، خیرا دە کە ونە بیری هیزی کارمان کە چە ندە سوودیان پی دە گە یە نی و ئیکونومیستە کانمان پیوە دە نین!

نە خیر؛ نە ک هە ر روژیک بە لکو چە ند روژیک بو بە ریوە بردنی خوش و ئاسایی ئە م جە ژنانە پیویستە! هە شتی مارس و ئە وە لی مانگی مە ی هیچی لە کریسمە س و پوسک و قوربان و رە مە زان کە متر نیە؛ گە لیک زیاتریشە. ئیمە پیویستمان بە شایی کردن و حە سانە وە لە ماندوویە تی یە ک سال خە باتە. پیویستمان بە چاوگیرانە وە یە بە سە ر خە باتی یە کسالە مان دا؛ گە لیک کارمان بە دە ستە وە یە بو سالی داهاتوو؛ پیویستمان بە وە یە خومانی بو ئامادە بکە ین! قە رارنیە هە تا هە تایە هە ر خە ریکی نابە رابە ری ژن وپیاو بین! کاتی ئە وە هاتووە ئە م کارە یە ک لایی بکە ینە وە. لە وانە؛ بو ئامادە بوونی سالانە مان پیویستی مان بە ئازادبوون لە کارهە یە لە روژی جیهانی ژن دا. بە لی؛ هە شتی مارس، دە سبە جی، ئە بی لە کار ئازادبی!

***

هەواڵنامەی کتێب

# کی لە سەر پشتی مەرە!؟

سە لام عبدالله ئیبراهیم، ئە لمانیا

مەبەست لە م نووسینە سەرنج دانیکی هەرچەند کورتە لە سەر هەندیک لە بیروبوچوونە کانی عبدالله ئوجە لان "ئاپو"، سە روکی پ.ک.ک سە بارە ت بە ئینسان، نرخی ئینسان، مافە سە رە تایی یە کانی ئینسانی و راسیسم و رە گە زپە ستی.
لیرە دا هە ول ئە دە م ووتە کانی ئاپو بخمە بە رچاو. هە تا بتوانم بە کورتی دە نووسم، چونکە روژنامە کان مە ودای ئە وە م نادە نی، بابە تە کان بە تیر و تە سە لی شی بکە مە وە و لە بە ر هە مان هو ئاشکرایە کە ئە م وتارە بی کە م وکوری نابی.

۱ـ لە گوڤاری "صوت کوردستان" (ژمارەی ۲۶ی سالی ۱۹۹۵ بە زمانی عەرەبی) لە وتاری "حول الحرب الجوفاء لبعض الشخصيات الدنيئە" ئاپو نزیکە ی ۵۸ جار ووشە ی «منحط» بە کار دە هینیت. واتە بە رزترین پلە ی بە کارهینانی وشە ی ناشیرینی بە دە ست هیناوە. کە سیک نە زانیش بیت بە و جورە بیروڕای خوی دە رنابریت. بە لام ئە مە ئوجە لانە، ئە و ئوجەلانەی کە شەو و روژ لە دروست کردنی "مروفی نوی" ئە دویت. بو خوم بە نارە وای نازانم بلیم، خودی ئوجە لان پیویستی بە وە هە یە ریگای پی نیشان بدریت کە چون لە گە ل مروفە کان مامە لە بکات؛ وە وانە ی رە وشتی پی بدریت، چونکە بوی نیە بە هیچ جوریک بەو شیوە ناشیرین و بەدە بدویت. ئەگەر ئەندامە کانی حیزبە کە ی و لایە نگیرانی ئە مە ی لی قبول دە کە ن کە سانی تر هە ن کە ریگە ی لیدە گرن.
۲ـ جیگای شە رمە زاری یە بو ئوجە لان کاتیک دە لیت:
«...کوردان بە سواری ئە سپ ناجە نگن، بە لکو لە سە ر پشتی مە ر»!! (لاپە رە ۲۸)
هە لبە تە ئە گە ر خوینە رانی بە ریز بو مە بە ستی ئە م وتارە بروانن، بومان دە ردە کە ویت کی لە سە ر پشتی مە ر جە نگ بە رپا دە کات!! لە شوینیکی تر دە لیت:
«کوردە کان زور منحط بوون».
لیرە دا ئە گە ر مە بە ستی ئە ندامە کانی حیزبە کە یە تی، ئە وا دە بیت خودی ئە ندامە کانی وە لامی بدە نە وە. بە لام ئاپو ئە و وتە یە بە هە موو کوردیک دە لیت. ئە مە ش راست نیە «دان بە خوم دە گرم»!! لە جیگایە کی تری هە مان ووتار دا دە لیت:
«ئیوە شیتن و لە منداله شە قی یە کان دە چن» (لاپە رە ۲۴).
یان دە لیت:
«... ئایا ئیوە دە زانن من چون زاتی خوم هە تا ئیستا پە روە ردە کە م؟ نە خیر... چونکە من ئیوە باش دە ناسم، مروف بی بە زە یی یە، درندە یە و زور خە تە رناکە...».
نە خیر، ئە وە ی وا بیربکاتە وە درندە و خە تە رناکە، نە ک مروف بە گشتی. دە سە لاتدارانی جیهان و سیستە مە سیاسی و ئابووری یە کە یان و فکری سائدیان، واتە بیری بالادە ست و باویان خە تە رناکن.
بە لای منە وە مروف پیروزترین و جوانترین بوونە. ئە گە ر ئوجە لان بیگوتایە دە سە لاتدارە فاشیستە کانی تورکیا و دام و دە زگاکانیان درندە و خە تە رناکن، ئە وا منیش دە موت وایە. بە لام کە بە مروف وا بلیت، هە موو وشە یە کی ناشیرینی پی رەوا دەبینم. لیرەدا داوا لەو روشنبیر و پیاوماقوولانە دەکەم چیتر بیدەنگ نە بن. چونکە بیدەنگی بەرانبەر کابرایە کی وا تاوانە. بە راستی من لە بیدە نگی ئیوە حالی نابم. نالیم ئیوە ش وە کوو من بنووسن، بە لام چاوە روانی ئە وە دە کە م ئیوە ش بە گویرە ی بوچوون و شیوە ی نووسینی خوتان بە قسە بین و وە ک دوستیک لە گە لیدا بدوین.
۳ـ لە لاپە رە (۳۱) دا دە فە رموی:

«.. لاشه ی وامان له نیواندا هه یه، هه موو روژیک بوگه ن ده بیت. لاشه مردووه و ته نها بو نیژین ده ست ده دات. ئیوه ش زوربه تان له و مردووانه ده چن که له سه ر پییان ده رون. ئه ی من چی به و مردووانه بکه م که له سه ر پییان ده رون؟...»

ئاپو چاوه روانی ئه وه مان لیده کات پیی بلیین، برا قاچیان ببره و بیان نیژه بو ئه وه ی بوگه نیان به م ناوه دا بلاو نه بیته وه! نه خیر پیشنیاری وا هیچ مانایه کی نیه؛ وا چاکه ئه و مردووانه بو سه ر سه نگه ره کانی له شکری تورکیا بنیریت، چونکه هه ر هه موویان له ترسان ده توقن و ده مرن یان له هوشی خویان ده چن و سه نگه ر ه کانیان به جی دیلن. واته له ماوه یه کی زور کورت هه ر هه موو کوردستان رزگاری ده بیت؛ ئه گه ر سه روک بفه رمویت و بیهه ویت هه موو جیهان داگیر ده کات. کی غیره ت و ئازایه تی ئه وه ی هه یه له به ر له شکریک راوه ستیت که مردوو بن و له سه ر پییان برون!!

۴_ ئوجه لان له هه مان وتار له لاپه ره ی (۳۰) دا، دان به کوشتنی سه دان ئه ندام و پیشمه رگه ی "کچ و کور"ی حیزبه که ی ده نیت؛ کوشتنی ئه وانه ی خوشه ویستی و تیکه لاوی گیانی و روحی له نیوانیان دا پیکهاتووه. خوی ئاوا ده لیت:

«... ئه وانه له به ر ده ممان دا وه کو کومه لیکی تاوانبار را وه ستاون. وانه زانن که من باسی که سیک یان دوو که س ده که م. به سه دان که س له به ره کان و ناوچه کان دا به م هویه له کیسمان ده چن و تووشی ویران بوون ده بن. هه موو روژیک لاوان و کچانی باش له ده ست ده ده ین.... یه کیکیان به شیوه یه کی کاره سات و به تال، کوتایی به ژیانی خوی هیناوه».

ئه مه درندایه تی سه ده کانی ناوه راسته!! من ئه م بابه ته ده نیمه به ر ده ستی ئه ندامانی ریکخراوی مافی مروف له کوردستان، بو ئه وه ی خویان به تیر و ته سه لی لیی بکولنه وه و رای خویان بو رای گشتی کوردستان بلاو بکه نه وه. به ش به حالی خوم ئه م کاره ی ئاپو به تاوانیکی کوشنده له قه له م ده ده م. داوا ده کەم له هه ر که سیک که دوا روژی گه له که ی مه به سته، ئه م تاوانه مه حکوم بکات. ئوجه لان ده بی به بریاری ره سمی، له ئورگانی حیزبه که ی بانگه وازی دووره په ریزی له م تاوانه بکات و چیتر تاقه مروفیکیش له به ر هوی ناوبراو نه کوژیت. ئه م کاره ته نها وه حشیگه ریه تی ده نوینیت. ئه گه ر ئوجه لان ئه و جوره په یوه ندی یانه له نیو ئه ندامه کانی حیزبه که ی قبول ناکات با ئه و که سانه له ریزه کانی حیزبه که ی ده ربکات!

۵_ زور شتی دزیو و خوفروشی به ناوی تاکیک به ری ده کریت. نموونه ی دوو حیزبه ده سه لاتداره که ی کوردستانی عیراق له لامان ئاشکرایه. ئایا پ.ک.ک له و دوو ریکخراوه که متری کردووه؟ به رای من نه خیر. ملکه چی پ.ک.ک بو سوریا به هیچ شیوه یه ک له ملکه چی یه کیتی و پارتی بو عیراق و ئیران و تورکیا که متر نیه. بو نموونه ئوجه لان له هه مان گوفار (لاپه ره ۱۲_ ۱۷) زور به روونی ئه م مه سه له یه مان بو ده رده خات و ده لیت:

«سه رکردایه تی سه روک ئه سه د، سیمبولی موقاوه مه تی هه موو گه لانی روژهه لاتی ناوه راست پیک ده هینیت».

هه روا ده لیت:

«سه روک ئه سه د، رابه ریکی ئاسایی نیه و هه لسه نگاندنی وه ک رابه ریکی ئازادیخواز، نیشتمانی و کومه لایه تی هه لسه نگاندنیکی نوقصانه. ئه و رابه ریکی گشتی یه؛ خاوه ن چوارچیوه ی ئایدولوجی و ره گی کومه لا یه تی و ئامانجی ستراتیجی یه...»

ئه م جوره ده ربرینانه ته نها ماستاو کردنیکی هه رزانه بو کابرایه ک که زه ره یه ک ماف یان هیچ نرخیک نه بو جه ماوه ری سوریا به گشتی و نه بو کورده کانی سوریا به تایبه تی، به ره وا نازانیت، که چی ئوجه لان به ئاشکرا درو ده کات و ده لیت:

"هه لویستی سوریا له سه ر بیروراى برایه تی، دادپه روه ری، هاوسانی و ئازادی بو هه موو گه لانی ناوچه که بنیات نراوه»

له کوتایی دا ده لیت:

«سه رله نوی سلاو و ریز و پیزانین دووباره ده که مه وه بو سیمبولی سه رکردایه تی و مروفی مه زن، سه روکی برا، حافظ

ئه سه د ...»

وه چه نده ها قسه ی هه رزانتر له هه مان چه شن. ئه وه ش له لای هه موو که سیکه وه ئاشکرایه که ئاپو له ژیر رکیفی مخابه راتی سوریا دا هاتوچو ده کات. به گشتی ئاپو و حیزبه که ی لاپه ره یه کن به ده ستی سوریاوه بو به کارهینانی له چاره سه رکردنی گیروگرفته کانی نیوان خویان و تورکیا له سه ر مه سه له ی سنوری نیوانیان دا و مه سه له ی ئاوه که. هه ر کاتیکیش پیک بین، ئه وا (۱۹۷۵) یکی تر تومار ده کریت؛ خه لکیش بو هه ر کوی یه ک ده رون با برون!

٦_له لاپه ره ی (۳۲) دا وتاریکیان له ژیر ناوی «طورانیه تی تورکی دوژمنی میژوویی عه له ویه تی کوردی یه» وینه یه کی ئیمام عه لی و یانزه ئیمامی تریان بلاو کردوته وه. له لاپه ره ی ۳٦، ۳۷ وینه یه کی «مظلوم دوغان، ئیمام عه لی و شمشیر له ده ستیک (ناینا سم!) مونتاج کراوه. ئه مه یه که م جار بوو شتیکی له و چه شنه له بلاوکرا وه کانی پ ک ک ببینم. به لام پاش ئه مه گفتوگویه کی روژنامه ی (المصور) (۱۳/ ۹/ ۱۹۹٦، لاپه ره ۲٤، ۲٥) که له گه ل ئاپو دا کرابوو خویندمه وه و مه سه له که زیاتر بوم روون بووه وه. ئه وه ی سه رنجی راکیشام بریتی یه له له جاردانی ئیسلامه تی. ئه مه تازه ترین به زمی ئایه تولّلا ئاپویه! ئاپو له جوابی پرسیاری: «بیرو باوه رت له ئیسلام نزیکه یان له مارکس و لینین؟» ده لیت:

«له ئیسلام. ئیمه ناوه روکی ئیسلام و بریاره کانی قورئانی که ریم جی به جی ده که ین...»

ئه ری ئه مه له که یه وه؟ بروا بکه ن نازانم. به راستی زور سه خته مروف بزانیت ئاپو چون بیر ده کاته وه؛ هه ر روژه له سه ر به زمیکه. ده رکه وت ئاپو نیازی دامه زراندنی حکومه تی ئیسلامی کوردستانی هه یه له هه ر چوار پارچه که! من له ئیستاوه داوای په نابه ری ده که م!!، روژنامه نووسه که پرسیاریکی تری لی ده کات:

«تو تاوانبار کراوی به کارکردن بو سه رله نوی دامه زراندنی لینینیزمی مارکسی؛ تو چی ده لییت؟» (ئه م پرسیاره شاره زایی و بلیمه تی روژنامه نووسه که پیشان ده دات!)

ئاپو له وه لام دا ده لیت:

«ئایا مومکینه بو مروفیک که توزی ئاقلی هه بیت بروا به ئیمکان بوونی سه رله نوی دامه زراندنی مارکسیزم لینینیزم بکات... ئه وه چه نده ها ساله ره نجیکی زورگه وره ی بو درا. به لام رووبه رووی هه ره سیکی گه وره بوو و رووخا. به لی له کاتی گه نجایه تیم دا له ژیر کارتیکردنی "م. ل" و شورشی ئوکتوبه ر بووم وه کو ملیونه ها لاوانی دونیا...»

وه ک ده بینین لیره ش دا ئاپو درو ده کات. ئایا راستر نه ده بوو بیگوتایه، من هه تا پیش چه ند سالیک «م. ل»ی عه یاری بیست و یه ک بووم و حیزبه که م وه کو "پیشه نگی چینی کریکا"ر کاری ده کرد (بروانه: مساله الشخصیه فی کوردستان) به لام ئیستا لیی گه راوم و هاتوومه سه ر دینی حه مه قوره یشی؟! ئه م جوره بیرورا گومراوانه و پووچه لانه به لایه کی گه وره ن بو سه ر ژیانی خه لک. ئه مه نیازگلاوی و گالته کردن به خه لک ده نوینی. ره نگه هه ندی که س بلین خه لکی زوری به دواوه یه یان پ.ک.ک خوی باش ریکخستووه... من ئه مه به گرنگ نازانم، نموونه ش زورن له میژوو له سه ر ریکخراوه ی قه واره زل که مروفایه تیان به ره و کاره ساتی خویناوی بردووه. به راستی ئه گه ر دوستی وام هه بیت پیویستم به دوژمن نیه!.

٧_ پ.ک.ک روژنامه نووسی فاشیست، "هارالد ویلیمسکی" Harald Vilimsky به شیوه یه کی نهینی و به شناسنامه ی خویان، به ریگای "فینا"وه ده به ن بو لای ئوجه لان. روژنامه ی فاشی "یونگه فرایهات" Junge Freiheit (ئورگانی حیزبی نه ته وه یی دیموکراتی ئه لمانیا) ده قی گفتوکه له ژماره (۱)ی سالی ۱۹۹۱ دا له گه ل وینه یه کی کابرای فاشی به چه که وه له گه ل پیشمه رگه کانی پ ک ک بلاو ده کاته وه. له گفتوگویه ک له گه ل گوفاری "شتیرن" دا (۲۹/ ٦/ ۱۹۹٥) ئوجه لان داوا له ئه لمانیا ده کات:

«قه ده غه کردنی پ.ک.ک نه هیلن و په یوه ندی یان له گه ل دروست بکه ن»

ماوه یه ک له مه وپیش یه کیک له سه رانی پاریزه رانی ده ستور (جیهازی مخابه رات) ده چیت بو لای ئوجه لان. هه روا

"هاینریش لومەر" Heinrich Lummer (نووسە ری فاشیستی روژنامەی "یونگە فرایهات" کە یەکیک لە وەزیرەکانی "حزبی دیموکرات_مەسیحی" یشە CDU) سەر لە ئوجەلان دەدات. ئوجەلان ئامادەیی خوی دەردەبری کە وەکو پولیسیک بو کاربە دە ستە کانی ئە لمانیا لە دژی بازرگانی مخدە رات کار بکات. ئە م قسە یە لە روژنامە ی "کوردستان روند بریف" Kurdistan RundBrief (ژمارە ۲۴ی سالی ۱۹۹۵) بلاوبوتە وە. ئە م روژنامە یە ش پشتگیریان لی دە کا و قسە کە ش "لومە ر" دە یگیریتە وە. جگە لە مانە ش بیروراکانی ئوجە لان لە گوفاری "فوکوس" دا (ژمارە ۲۴، سالی ۱۹۹۳، لاپە رە ۳۴) هە موو ئە نتی فاشیە کان و شیوعی یە کانی ئە لمانیای تووشی ژانە سە ر کرد. لە وی دا دە لی:

«من پیشوازی لە ئە کسیونی ئە لمانیە کان دە کە م دژ بە تورکە کان».

مە بە ستی هیرشە راسیستیە کانی دژ بە پە نابە ر و خارجیە کانە. لە هە مان لاپە رە دا دە لیت:

«ئە م بە رپە رچ دانە وە ی گە لی ئە لمانیا بە کاریکی ئاسایی دە بینم. دە بیت زوربە ی ئە و کە سانە بو ولاتە کانی خویان بگە رینە وە...»

هە روە ها دە فە رمویت:

«من ئە وە بە چاک نازانم کە تورکە کان لە ئە لمانیا بتوانن بە ئازادیە کی بی سنوور بجوولینە وە...»

ئوجە لان لە گفتو گویە ک دا لە گە ل گوفاری Der Spiegel "دیرشپیگل" (ژمارە ۴۸ی سالی ۱۹۹۶، لاپە رە ۷۲_ ۷۹) ریک و رە وان بە م جورە ی خوارە وە باسی فاشستیکی وە کوو "لومە ر" دە کات:

«... من ریزیکی زور گە ورە م بو "لومە ر" هە یە. جوری سیاسە ت کردنە کە ی لە بەراوردکردن لە گە ل سیاسیە کانی تری ئە لمانیا ئاسایی نیە...»

بە گشتی بیروراکانی ئاپو دە قاودە ق لە گە ل هیز و حیزبە نە تە وا یە تی یە فاشیستە کانی ئە لمانیا جووتە. ئایدولوگە کانیان چاک ئاگاداری هەنگاوەکانین. بیجگە لە "یونگە فرایهایت" (ئورگانی حیزبی نەتەوەیی دیموکراتی ئەلمانیا) لە روژنامەی NPD ی فاشی، "دەنگی ئەلمانیا" Deutshe Stimme لە ژمارەی مانگی ۵ ی سالی ۱۹۹۷ دا دە نووسی:

... دە بی موقاوە مە تی نە تە وایە تی لە ئە لمانیا و موقاوە مە تی ئازادی نە تە وا یە تی کورد لە لامان روون بیت... ئازادی گەلان لەسەر ئیسقانی دەسەلاتی سیستەمی ئیمپریالیستی و ئیلیتەکانیان دەست دەکەویت. (ئەمانە تەنیا مە بە ستیان ئیمپریالیستی ئە مریکیە و هیچ باس لە درندایە تی ئە لمانی ناکە ن) چ لە بسپور دا، سیستە می کولونیای تورک لە ژیر دە سە لاتی ئە مریکا بیت، چ لە (راین)ی ۱۹۴۵ دا لە ژیر زورداری دە سە لاتی «سە رکە وتووە کانی جە نگی جیهانی دووهە م» روژئاوابیت، کە بە هە مان شیوە لە ژیر دە سە لاتی ئاژاوە چی ئیمپریالیستی ئە مریکا بیت...

ئوجە لان ریک و رە وان لە پال فاشیە کان رادە وە ستیت.

لە لا یە کی ترە وە پ.ک.ک بیروی گوفاری "فوکوس" لە شاری "مونیخ" تە فروتونا دە کەن. نوینە رە کە یان "کانی" بە ناوی کومیتە ی کوردستان لە شاری "کولن" بە یاننامە یە ک بو روژنامە کان بلاودە کاتە وە و دە لیت:

«ئەو قسانەی کە لە گوفاری "فوکوس" بە ناوی بەریز عبدللە ئوجەلان سکرتیری گشتی پ.ک.ک بلاوکراوە تە وە؛ ئە و نەیوتووە. ئیمە هەموو هەولیک دەدەین کە دەقی راستی گفتوگوکە بخەینە بەر دەم روژنامەکان. ئەو جورە تە زویرکردنانە ناتوانن ناوی بزوتنە وە ی ئازادیخوازی نە تە وە کە مان خراپ بکە ن...»

بە لام هە تا نووسینی ئە م ووتارە بە لینە کە ی "کانی" جی بە جی نە کراوە، و لە و باوە رش دام ج ی بە جی ناکریت...!!

سەروک ئاپو، خوا قبول ناکا هەندی جار ئەوەندە قسەی خوش خوش دەکات کە خوینە رە کانی دە هینیتە پیکە نین. یە کیک لە و قسانە ئە مە ی خوارە وە یە؛ هە ر بویە ش بو کوتایی ئە م ووتارە هیشتوومە تەوە. لە ووتارە کە ی "حول الحرب الجوفاە" دە لیت:

«ئە وە واقیعی هە موو گە لیکە کە پە نا بو راکردن و خیانە ت دە بە ن. ئیمە ش هە ول دە دەین چارە یە کی بو بکە ین. ئایا

ئه وانه بو ژیان هه لدین یان بو خراپترین جوری مه رگ؟ ئه وانه زوربه یان ئیدعای هه لاتن بو ژیان ده که ن، که چی بو مه رگ هه لدین. چونکه به وه خویان له ناو ده به ن. ئه وانه ی ده لین بو ژیان هه لدیین، بو مه زهه له یه کی کومه لایه تی هه لدین. ئه م بارودوخه ریک له نه خوشی شیرپه نجه ده چیت (ئاپوی مردوومراو به نه خوشی شیرپه نجه وه گرتوویه تی؛ خوشه ویستی و سیکسیش به شیرپه نجه ناو ده بات، باشتر وایه بلی ژیان شیرپه نجه یه و رزگارمان بکات) ئه وانه بو ژیان نارون، به لکو سه د له سه د بو مه رگ ده رون، به لام پی نازانن...»

تیبینی: مه به ستی ئه وانه یه وا له ئه وروپا و ئه مریکا و شوینی تر ده بن به په نابه ر!!

ئه مه ی لیره نوسیوومه باسیکی دوور و دریژه. هه رچی که م و کورتی تیدا بیت له ئه ستوی روژنامه کانه. بو ئه وه ی بلاوبیته وه ناچار بووم ئه وه نده کورتی بکه مه و ه!

سه روک ئاپو کاره ساته، چاره ره شی یه که و خوی له تویی وشه ی رزگاری و ئازادی و ... گه مارو داوه. گه لانی دونیا به گیفارا، لومه مبا، روزا، کلارا، ساندینو، هوشی مینا... و ئه وانه ی تر ناویان ده رازیننه وه؛ ئیمه ش تووشی نه گبه تی و سه رشوری و شه رمه زاری کراوین. به لام...

***

هەواڵنامەی کتێب

# ئەدەبیاتی کریکاری لە ئالمان

ستیورە پەککالین Sture Packale´n

تە رجە مە: سلیمان قاسمیانی

لە مانگی ئاگوستی سالی ١٩٩٦سیمپوزیومیک بە ناوی "ئە دە بیاتی کریکاری سوید لە ئاسویەکی نیونەتەوەیی دا" لە شاری "هیدیمورا" Hedemora لە سوید گیرا. ئەم سیمپوزیومە لە لایەن "کومەلەی لایەنگیرانی مارتین کوخ" (نووسە ری کریکاری سویدی ١٩٤٠_١٨٨٢) بەریوە برا و چوار روژی خایاند. لە سیمپوزیومەکەدا چەندەها کوبوونەوەی جوراوجور لە سەر ئە دە بیاتی کریکاری لە وولاتانی تردا، بو وینە ئالمان و ئینگلیس گیرا. ئە م باسە ی کە لیرە دا تە رجە مە کراوە، ووتاریکە کە لە لایەن "ستیورە پەککالین" ەوە پیشکەشی کوبوونەوەکە کرا. "ستیورە پەککالین" وەکوو محقق لە زانکوی "میلاردالین" Mälardalens Högskola، ئە نستیتوی زمان ناسی، کار دە کا. لە م ژمارە یە دا بەشی یەکەمی وتارە کەتان پیشکەش دەکری. بەشی دووهەم دە مینیتەوەبو ژمارە ی داهاتوو. ئە م وتارە رای نووسە ر خویە تی و بلاو کردنە وەکە ی بە مانای هاونە زە ری "هانا" لە گە ل نووسە ر نیە.

سە رنووسە ر

## (بەشی یەکەم)

"هە موومان دە زانین کە ئیتر دە ورە ی شیعری نە رم و ناسک و بی ئاگای ئالمان بە سە رچووە. خوینیکی تازە کە تووە تە ناو دە ماری خە لک و شاعیرە کانیش؛ چونکە شاعیرە کان، ئە وانە ی راستە قینەن، هە میشە لایە نی خە لک دە گرن نە ک لایە نی پاشاکان."

ئەم چەند دیرەی سەرەوە وەک پیشەکی کومەلە شیعریک بە ناوی "شیعری ئەسیل" کە لە سالی ١٨٤٧ لە ئالمان دەرچوو، نووسرابوو. لەم کومەلە شیعرەدا زور شیعری سیاسی و شورشگیرانە لە نووسەرانی بورژوایی بە بوچوونیکی رادیکال _ دیموکرات دەکەونە بەرچاو. لە ناو ئەم شاعیرانەدا "هاینریش هاینە" بە شیعر ە بە ناوبانگە کە ی خویە وە "پارچە چنانی سیلزی" لە هە موان ناسراوترە. شیعری ناوبراو بە بانگەوازە شورشگیرانەکەیەوە : "ئالمان! ئیمە بەرگی مەرگت دەچنین!" دەگەریتەوە بو شورشی پارچە چنان لە ناوچە ی "سیلزی" لە سالی ١٨٤٤.

ئە م شیعرانە کە سە بارە ت بە پرولیتاریا، کاری سە نعە ت و چە وسانە وە ی بیرە حمانە ی کریکاران بوون، بە شی سە رە تایی "قوناغ"ی یە کە م لە و شە ش قوناغە ن، کە من ئە دە بیاتی ئالمانم بە سە ردا دابە ش کردووە. من لیرەدا ئەم شەش قوناغە دەخەمەپیش چاوتان و لەهەمان کاتیشدا، چەن نووسەری

هەواڵنامەی کتێب

نموونه و به رچاوی هه ر "قوناغ"یکتان پی ده ناسینم.
"قوناغ"ی یه که م له ناوه راستی سه ده ی ۱۸۰۰ دا ده ستی پی کرد. ئه ده بیاتی کریکاری ئه و سه رده مه له راستیـدا به شیـک بـوو لـه ئـه ده بیاتیکـی سیاسـی رادیکال و ره خنه گرانه به فه رهه نگیکی شارستانی یه وه. زوریک له م نووسه رانه کریکار بوون، کریکارانیک که خویان فیری خویندن و نووسین کردبوو و له هه لسووراوانی جوولانه وه ی کریکاری بوون.
به شی زوری ئه وه ی که ده نووسرا، شیعری کاتی و تایبه ت بوو مه سه له ن شیعر بو یه کی ئه یار، شیعری مـان گرتن یان شیعری وه رزش. بیجگه له شیعر، رومان، شانونامه، په خشان و ژیان نامه ش ده نووسران. له نیو زیاتر له ٦٠٠ نووسه ری کریکار که له به ینی ساله کانی ۱۹۱۴_۱۸٦۰دا ده ژیان، "ئه وگوست ئوتو فالسته ر" **August Otto-Walster** به رومـانی "له به رده م دارته ونی چه رخ دا" _ سالی ۱۸۷۳ نووسراوه _ له هه مـوویـان به ناوبانگتر بوو. له رووداوه ی سه ره کی رومانه که دا، "فالسته ر" به شیوه یه کی به رجه سته باسی چونیه تی دروست کردنی کومه له یه کی کریکاریکی له یه کیک له ویلایه ته بچووکه کانی ئه و کاتی ئالمان ده کا. ئه و ته جروبه کانی خوی وه ک ئه ندامیکی هه لسووراوی حیزبی سوسیال دیموکرات، تیکه لاوی رووداوه کان ده کا و هاوکات له گه ل ئه وه ش، به زور رووداوی لاوه کی رومانتیک و سه رنج راکیش له کوشک و ته لار و میوانخانه به دناوه کان، ریگه ده دا بینه ناو رومانه که.
ئه م تیکه ل کردنه ی رومانی باوی سه رده م له گه ل ئاژیتاسیونی سیاسی ده بیته ریباز بو زور له و چیروک و په خشانانه که به ش به ش یان له و پاشکویانه که تایبه ت به به شی سه رگه رمی روژنامه کانی حیزبی بوون، چاپ ده کران. ئه وه ی که ئه م شیوه نووسینه بوو به ریباز، ده گه ریته وه سه ر سیاسه تی بارهینانی وشیارانه ی سوسیال دیموکراتی بو ئه وه ی که به تایبه ت ژنان و گه نجه کان له ژیر ته ئسیری ئه ده بی که م نرخ به لام به ربلاوی ئه و کاته بینیته ده ر.
ته نیا بیوگرافی یه کریکاری یه کان شوین ئه م ریبازه نه که وتن. ئه وان به پیچه وانه ی ریبازی ناوبراو، هه ولیان ده دا که وینه یه کی راسته قینه له ژیانی ئاسایی سه ده ی ۱۸ بخه نه به رچاو؛ وه هه ر ئه وه شه که ئه م بیوگرافی یانه ده کا به گرنگترین به شی ئه ده بیاتی کریکاری سه ره تایی. ژیاننامه ی "موریس تئـودور ویلیـه م بـرومـه" **Moritz Theodor Wiliam Bromme** به ناوی "ژیـاننـامـه ی کـریـکـاریـکـی مودیرنی کارخانه" (سالی ۱۹۰٦) نموونه یه که له م بیوگرافی یانه. هوی ئه وه ی که من کتیبه که ی "برومه"م وه ک نموونه هه لبژاردووه، ئه وه یه که ئه و ژیاننامه یه به چاویکی تیژبین، هه ستیکی پر سوز و دیقه تیکی ته واو له باری ئاماره وه ، نووسراوه. بو وینه داهاتی حه وتووانه ی کریکاران له به شه جوراوجوره کانی دا نووسیوه. هه روه ها به وردی باسی ئه وه ی کردووه که ئه م پاره یه چه نده ی سه رفی خوارده مه نی، جل و به رگ و که وش ده بیت و چه نده ی بو بنه ماله کریکاره که ده مینیته وه.
"برومه" هه ر وه ک چون له ئیشه که ی خوی "تراشکاری" دا زور ده قیق بوو و هه ولی ده دا ئیشه که ی پوخت و خاوین ئه نجام بدا، هه ر به و دیقه ته ش ژیاننامه که ی نووسیوه. ئاکامه ی بووه به ژیاننامه یه ک

که به وردی ئه وه ی به چاوی خوی دیتوویه تی و ئه وه ی به سه ر خوی هاتووه، وه کوو منالی قوتابی، کریکار، پیاوی ته نها، باوک و نه خوش که توو به سیل... ده خاته به رچاو.

"برومه" به وه رازی نابی که ته نیا هه ل و مه رجی ژیانی کریکاران بخاته به رچاو، به لکوو باسی مه کینه کانی کار، که ره سه و ئامرازی کار، چونیه تی شوینی کار (بو وینه شوینی شوردنی جل وبه رگ، توالت ...)، مه شغه له ی کریکاران له کاتی وچان گرتن و دوای کاریش، ده کا.

به ئاشکرا دووانی "برومه" له گیروگرفت و مه سئه له سیکسی یه کان، بوو به هوی هارووژاندنی کومه لگای سوننه تی سه رده م. به گشتی ژياننامه ی "برومه" دوکومنتیکی به نه رخی سه رده می خویه تی که چ له باری میژوویی و کومه لناسی و چ له باری ئه ده بی جیگه ی سه رنج دانه.

ئه و هه ژاری و بی ده ره تانی یه ی که له ژياننامه کریکاری یه کان دا باسی لیده کری، ژیانی راسته قینه ی سه رده م بووه که له شانو دا له لایه ن "گیرارت هاپتمه ن" Gerhart Hauptman، پیشه نگی ناتورالیسته کانی ئالمان (١٩٤٦_١٨٦٢)، دیته سه ر سین. "هاپتمه ن" که خوی له پیشینه یه کی بورژوایی هه بوو، نه ک هه ر **سه باره ت** به کریکاران، به لکوو <u>بو</u> کریکارانیشی ده نووسی. سالی ١٨٨٩ به نووسینی شانونامه ی "به ر له روژهه لات" که "هاپتمه ن" خوی وه ک "شانونامه ی کومه لایه تی" نیوی ده برد، نیوبانگی ده رچوو.

"هاپتمه ن" له "ئیبسن" Ibsen فیر ببوو که سه ره رای قه واره ی بچووکی رووداو له سه ر سین، ئه وپه ری توندوپری دراماتیک وه دی بینی. "هاپتمه ن" له م توانایی یه ی خوی به تایبه ت له شانوی "به ر له روژهه لات" دا که لک وه رده گری. شانویه که هات و هاواریکی بی وینه ی خسته ری. هات و هاواره که ش له سه ر ئه وه بوو که "هاپتمه ن" به ئاشکرا باسی بنه ماله یه کی جوتیار له ناوچه ی "سیلزی" ده کا که کانگایه کی خه لووزی به رد له زه ویه کانی خویان دا ده بیننه وه و تووشی رووخانیکی بی بنی فیزیکی و مه عنه وی ده بن. ئه م ئاشکراویژی یه له و سه رده مه دا بی وینه و سه خله ت هینه ر بوو.

دووهه مین به رهه می گه وره ی "هاپتمه ن" بریتی یه له "پارچه چنان" (سالی ١٨٩٢) که گرنگترین به رهه می ناتورالیستی ئالمانه. رووداوی شانویه که تا راده یه ک له سه ر ئه ساسی شیعره که ی "هاینریش هاینه"یه که له وه پیش باسم کرد، به لام به گشتی له سه ر ئه ساسی چه وسانه وه، بیکاری هه ژاری، برسیه تی و ئه و شورشه یه که سالی ١٨٤٤ به شوین هاتنه کایه ی مه کینه ی پارچه چنین له ناوچه ی "سیلزی" دا رووی دا. بو کریکارانی پارچه چن، که هیچ ئومیدیک بو ژیانی باشتریان بو نه هیشتبوونه وه، شورشه که یه که مین و ئاخرین هه ولیان بوو بو ده ربازبوون له و زیندانه ی که نیوی ژیان بوو.

"پارچه چنان" به پیی وته ی "فرانس میرنگ" Franz Mehring نووسه ر و ره خنه گری مارکسیست، ره نگ دانه وه ی بوچوونی ماتریالیستی له مه ر میژوو و وشیاری میژوویی یه. ته بیعی یه که ئه م شانویه <u>بو</u> کریکاران بوو و سالی ١٨٩٣ بو یه که م جار له تیاتری کریکاری "فرای فولکس بوینه" Freie Volksbuhne

هەواڵنامەی کێتر

له شاری به‌رلین پیشکه‌ش کرا. به‌لام زور زوو پیشاندانی شانویه‌که به نیوی ئاژاوه گیربوون، قه‌ده‌غه کرا. تا ده‌رکرانی حوکمی بی تاوان بوونی له لایه‌ن محکمه‌وه له سالی ۱۸۹۴ دا، شانویه‌که پیشان نه درایه وه . مه وزووعی شانویه که هارووژینه ر بوو و حوکمی بی تاوان ده رچوونی شانویه که، به هیچ جور نه‌بوو به هوی دامرکاندنی دوژمنایه‌تی دوژمنه‌کانی؛ که ئه‌مه خوی له بریاری قه‌یسه‌ری ئالمانیش دا نواند. "قه‌یسه‌ر ویلهیلم" به هوی "ره‌وتی وره‌رووخینه‌ری" شانوی "پارچه چنان" خوی ناچار دی که واز له لوژه که ی له تیاتری "دویچه تیاتر" له شاری به رلین بینی.

وه ک چون "فریدریش شیللیر" سه د سال به ر له نووسرانی "پارچه چنان" لایه نی هه ژاران ده گری و هیرش ده باته سه ر درامای پیلانگیرانه ی هیچ و پووچی ئاریستوکراتی بی به ند و بار؛ "هاپتمه ن"یش له شانوی "پارچه چنان" دا هه ر هه مان روانگه ده گریته به رچاو. بو یه که م جار له ئه ده بیاتی ئالماندا، مه سه له ی هه ژاری، برسیه تی و نه داری نه ک به هه ولی تاکه که س (وه کوو نووسراوه که ی "جیورج بوخنر" Georg Buchner به ناوی "فویتسیک" Woyzeck) به‌لکوو به هه‌ولی کولیکتیف، به هه‌ولی جه‌ماوه‌ره‌وه ده‌خریته روو. پیشاندانی خه‌لک وه‌کوو قاره‌مانی کولیکتیف له شانوی "هاپتمه‌ن"دا، شتیکی زور گرینگ و نوی بوو و ئه‌وه‌نده هه‌ستی بینه‌رانی کریکاری ده‌بزواند، که دوای کوتایی شانویه‌که، به خویندنه وه ی سروودی خه باتگیرانه وه، سالونی تیاتریان به جی ده هیشت.

قوناغی دووهه‌می ئه‌ده‌بیاتی کریکاری ئالمان، له نزیکه‌ی سالی ۱۹۱۰ به هاتنه کایه‌ی ریبازی ئیکسپریسیونیزم Expressionism ده ستی پیکرد. له میژووی ئه ده بیاتی ئالمان دا ئه م قوناغه وه کوو شتیکی جیاواز به نیوی "هونراوه‌ی کریکاری" له جیاتی "ئه‌ده‌بیاتی کریکاری" نیوبراوه. ئه وه به مانای هاتنه کایه ی بوچوونیکی تر له سه ر ئه ده بیاتی کریکاری بوو. نووسه رانی "نووسینی کریکاری"، (وه کوو "کارل برویگه ر" Karl Bröger، "ماکس بارتل" Max Barthel، "هاینریش لیرش" Heinrich Lersch و "پاول تیش" Paul Zech) هه‌موویان لایه‌نگیرانی بزوتنه‌وه‌ی سوسیال دیموکراتی ئالمان‌بوون و خویان به پیشره‌وانی رووناکبیری چینی کریکار و به‌شیک له مودرنیزمی ئه‌ده‌بی ده‌زانی. به لای ئه‌وانه‌وه ته‌بلیغی سیاسی ئامانجی سه‌ره‌کی نه‌بوو، به‌لکوو "به ئه‌فسانه کردن"ی (Myt) کار و قاره‌مانانه و رووحانی کردنی وجودی کریکاران هه‌ده‌ف بوو. کریکار بوو به "هه‌رکول"یکی Herkules ئه مرویی و مودیرن که به له خوبوردوویی خویه وه زامنیک بوو بو به ره وپیش چوونی مروفایه تی.

"هاینریش لیرش" Heinrich Lersch نموونه‌یه‌که له‌م ریبازه ئه‌ده‌بی‌یه‌دا. ئه‌و کوری کریکاریکی ته نه که سازی بوو و خوشی زور سال وه ک ته نه که ساز کاری کرد. له رومان، کورته چیروک و به تایبه ت شیعره کانی دا له ژیانی پر له داخی کریکاران ده دوی، به لام له هه مان کات دا به سه ر "کار" دا وه کوو هانده ری لیهاتووبی مروف، هه لده لی. له دونیای زه ینی هه ندیک جار سه یری "لیرش"دا، تیکه لاویکی ره‌نگاوره‌نگ له "وینا کردن" به ره‌گه‌ی ئایینی، سوسیالیستی، ئانارشیستی، ناسیونالیستی و "ئه‌فسانه‌یی"ه‌وه ده‌بینری. "لیرش" له به‌رهه‌مه‌کانی دا، به روحیکی به‌رزی ئیکسپریسیونیستی‌یه‌وه

هه ست وسوز له گه ل تیژبینی کومه لایه تی و روانگه ی ئه فسانه یی تیکه لاو ده کات. له سه رده می شه ری یه که می جیهانی دا، "لیرش" شیعری نیشتمان په روه رانه ی توندی بو شه ر ده نووسی. بو وینه ده لی: "ئالمان هه ر ده بی بژی، حه تتا ئه گه ر به مه رگی ئیمه بی". ئه و هه روه ها بو ئازادی، ژیانی سه ربازی و هاوری یه تییه که ی، شیعر ده لی. (مه سه له ن له کومه له شیعری "ئه ی دل، ریگاه بده با خوینه که ت بجوشی". سالی ۱۹۱۶)

ئه وه ی که زوریک له شیعره کانی "لیرش"، نزیکایه تی یان له گه ل بیروباوه ری ناسیونال ـ سوسیالیستی (که له و سه رده مه دا زه ینی زوری که سی به لای خویه وه راکیشابوو) هه یه، بو نموونه له م چه ند دیره ی خواره وه دا ده بینری:

«چه کوش وه شان راوه ستاوم،
پشت چه ماو و روچوو له ئیش
وینه یه ک له فورمی پولا و ده نگ دانه وه ی.
ئاسنگه رم و نه هیچی تر؛
نه بیریک ئوقره م لی ببری
نه رق، نه هه ستی هاوده دری.

رووبه ری سافی سنگدان، ئیسته دونیای منه
رووبه ری سافی سنگدان، مه زرای منه، باخی شه رابی منه
چومی راینی من، ئوقیانووسی من!»

هەواڵنامەی کتێب

به دوور له غه رق بوون له بیری بی سوود و ئیحساساتی ریگر، ئه م دیرانه کاری پاک، به جوریک په یوه ندی له پچران نه هاتوو له گه ل سروشت دا، تقدیس ده که ن. ئه مه جوره شیعرانه له سه رده می نائارامی سیاسی و کومه لایه تی نیوان دووشه ر دا، زور خه لکیان به رو خو راده کیشا. ئاشکرایه که "لیرش" هه م له شیعر و هه م له په خشانه کانی دا توانی به شیکی زور له حال و هه وای ئه و سه رده مه له نیو خه لک دا بگری و له نووسینه کانی دا بینوینی. له خورا نه بوو که له کاتی مه رگی دا زیاتر له ۱۲۰۰۰۰ که س له به خاک سپاردنی دا به شداریان کرد.

جوولانه وه ی ناسیونال ـ سوسیالیستی زوریک له نووسه رانی کریکاری وه کوو "لیرش" هه ل لووشی؛ تاقمیکی به زور ناوی خویه وه نووساند (مه سه له ن "برویگه ر" و "ئینگیلکی") و تاقمیکیش به مه یلی خویان بوونه دارده ستی حکومه تی فاشیستی (مه سه له ن "ماکس بارتل").

مه سه له یه کی زه ق و له به رچاو له زمانی ئیحساسی و شیوه ی بیر کردنه وه ی نووسه رانی تاقمی

"هونراوه ی کریکاری " (که له لایه نگیران و نزیکانی حیزبی سوسیال دیموکراتی ئالمان بوون) ئه وه بوو که به شیکی زور که م له شیعره کان (یان که م دیر له شیعریک دا) پیویستی یان به گورانگاری بوو تا له گه ل بیروباوه ر و زه قی فاشیسته کان یه ک بینه وه. هه ر بویه ش فاشیسته کان له گه ل هاتنه سه رکاریان، شیعری ئه م شاعیرانه یان به گورانکاری زور که مه وه دووباره چاپ کرده وه. هه ر به م هویه وه له لایه ن کومونیسته کانه وه به سوسیال فاشیست  و ری خوشکه ری نازیسم نیو ده بران.

له حالیک دا که ته قریبه ن هیچ کام له نووسه رانی ئه م جوولانه وه ئه ده بی یه (نووسه رانی کریکاری)، دوای هاتنه سه رکاری فاشیسته کان  مه جبوور به به جی هیشتنی ئالمان  نه بوون، نووسه ران و شاعیرانی پرولیتاری و شورشگیر (که له واقع دا په یوه ندن به قوناغی سیهه می ئه ده بیاتی کریکاری ئالمان) به هیچ جور ئیمکانی مانه وه یان له ئالمان نه بوو. قوناغی سیهه م له راستی دا ئاکامی جودایی و دوو پارچه بوونی جوولانه وه ی کریکاری به دوای سالی ۱۹۱۷ بوو. له م قوناغه دا نووسه رانیک به شدارن که له حیزبی کومونیستی ئالمان نزیکن و سالی ۱۹۲۹ یه کیان گرت و "یه کیه تی نووسه رانی پرولیتاری و شورشگیر"یان پیک هینا.

له ناو ئه م گروپه دا نووسه ری به پیشینه ی کریکاری یه وه وه کوو "ویلی بریدل" **Willi Bredel** و "هانس مارش ویتزا" **Hans Marchwitza** و رووناکبیرانی وه کوو "یوهانس . ر. بیشه ر" **Johannes R. Becher**، "ئانا زیگه ریس" **Anna Seghers**، "برتولت بریشت" **Bertolt Brecht** و "فریدریش ولف" **Friedrich Wolf** ده بینران.

"ولف" پیی وابوو ئه ده بیات ئه رکیه تی که هه م ریگه نیشانده ر و هه م مه شخه ل بی؛ که هه م ریباز و هه م ئامانجی خه باتی چینایه تی دیاری بکا. ئه م کاره قه رار بوو به شانونامه ی سیاسی، به راپورتی کریکارانی کارخانه (به پیی مودیلی سوفیه تی "هه والنیری کریکاری") و به رومان و چیروک به ناوه روکی پرولیتاری و شورشگیرانه وه بکری. هه روه ها باسی زور گه رم هه بوو له سه ر ئه وه ی که چ جوریک له ئه ده بیات به باشترین شیوه ده توانی خزمه ت به خه باتی چینایه تی بکات.  "جورج لوکاس" **Georg Lukacs**که له تئوریسیه نه سه ره کی یانه ی "یه کیه تی نووسه رانی پرولیتاری و شورشگیر" بوو، پیی وابوو که ده بی ئه و مودیله به رزانه ی که "لیسینگ" **Lessing**، "گوته" **Goethe**، "بالزاک" **Balzac**، و "تولستوی" **Tolstoi**په یره ویان ده کرد، که لک وه رگیری.

به لام "بریشت" لایه نگیری شیوه ی نووسینیکی زیاتر تاقیکه رانه وه  بوو، که بتوانی به شیوه یه کی نوی سه یری راستی یه کان بکات که ئه مه خوی  شه رتیک بوو بو گورانکاری راسته قینه ی کومه لایه تی.

به ناوبانگترین نووسه ری رومان له قوناغی سیهه م دا "ویلی بریدل" **Willi Bredel**  (۱۹۶۴_۱۹۰۱) بوو. "بریدل" له سه ره تاوه  کریکاری تراشکار بوو و سالی ۱۹۱۹ بوو به ئه ندامی حیزبی کومونیست. "بریدل" زور زوو په ی به توانایی ئه ده بی خوی برد و یه که مین به رهه رمی خوی به ناوی "کارخانه ی مه کینه سازی ن . ک" له سالی ۱۹۳۰دا پیشکه ش کرد. "بریدل" ئه م رومانه ی (که دوایی بوو به

به رهه میکی کلاسیک له لقی خوی دا) کاتیک نووسی که به جورمی "خیانه ت به نه ته وه " دوو سال له زیندان دابوو. سالی ۱۹۳۱ دووباره ، ئه مجار به ناوی "سیاسی یه کی بی متمانه" خرایه وه زیندان. سالی ۱۹۳۴ له زیندان هه لات و چوو بو سوفیه ت. له نیوان ساله کانی ۱۹۳۹_۱۹۳٦دا له سوفیه ت بوو به سه رنووسه ری به ناوبانگترین گوفاری دژی فاشیستی به نیوی "ووشه " Das Wort که به زمانی ئالمانی ده رده چوو. "بریدل" هه روه ها وه کوو پارتیزان به شداری شه ری دژی فاشیستی له سپانیا کرد. دوای کوتایی پیهاتنی شه ر گه رایه وه بو "ئالمانی شه رقی" و پاش ماوه یه ک بوو به بیروکراتیکی کولتوری.

"بریدل" به لای منه وه نموونه یه کی پر به پری نووسه ریکی پرولیتا ره. ئه و که چه نده ها جار نزیک بوو گیانی له سه ر کومونیزم له ده س بدا، وه ک نووسه ر باوه ر و هیزی خوی ته رخان کرد بو نووسینی نووسراوه ی ره خنه گرانه ی کومه لایه تی به زمانیکی ئاسان؛ مه سه له ن رومانی "تاقیکردنه وه" (سالی ۱۹۳۵) که بیوگرافی خوی بوو و بو ۱۷ زمان وه رگیردرایه وه. ئه م رومانه یه که م جار له ئینگلستان چاپ کرا و یه که م گه واهی ئه ده بی له سه ر ره فتاری نامروفانه و دژی ئینسانی فاشیسته کان له ئوردوگای زیندانی یه کان بوو. نیوی رومانه که "تاقیکردنه وه" ئیشاره یه که به و فشار و ئه زیه ت و ئازار و ئه زموونانه که به سه ر ئه و مروفانه ده هات که له به هوی ئایدولوژی و بیر و باوه ری سیاسی یانه وه خرابوونه ئوردوگاکانی فاشیسته کانه وه. خوراگری فیزیکی و نه فسانی له به رانبه ر دیماگوگی نازیسته کان، پیداگرتن له سه ر بیروباوه ری کومونیستی و ره فتار کردن به پیی ئه م، له تایبه تمه ندی یه کانی پاله وانی رومانه که واته "کریبلز"ه که سه ربه رز دیته ده ر و نیشان ده دا که له به رانبه ر پاسیف بوون، ته سلیم و سه ردانه واندن بو حکومه تی فاشیسته کان، ئالترناتیوی خه باتیش هه بوو.

***

# بژی وشەی جوان و ئازاد

(لە سنووری قەلەمرەوی دەسەلاتداری کورددا، خاوەنقەلەم دەتوانی بژی، بە مەرجی بیر نەکاتەوە، دەتوانی بیر بکاتەوە، بەلام دەنگی لە گەروویدا دەتاسینری. نووسەری کورد دەتوانی ببزوی، بدوی، بنووسی، بەلام بە پیی مە رجە کانی دە سە لاتداران.)

ماوە یە کە (ی.ن.ک) بە شیوە ی جوراوجور گوشاری بو بە شیک لە نووسە رانی ژیر دە سە لاتی خوی بە و بیانووە ی هاتوچوی هە ولیر دە کە ن و بە رهە میان لە راگە یاندنی (پ.د.ک) دا بلاو دە کە نە وە، هیناوە.

لە ٢٥ ی ١٠ ی ١٩٩٧ دا مەلا بەختیاری ئەندامی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) هەرەشەی کوشتنی لە نووسەران: (محە مە د فە ریق حە سە ن، رە ئووف حە سە ن، حە مە کە ریم عارف، حە مید ریبوار، فوئاد محە مە د ئە مین، سە درە دین عارف و ئە حمە د سە ید عە لی بە رزە نجی) کرد.

لە شە وی ٣ لە سە ر ٤ ی ١٩٩٧ دا گوشارە کە گە یشتە ئە و ئاستە ی نارنجوکیک فریدرایە مالی چیروکنووس: محە مە د فە ریق حە سە نە وە.

هیشتا خوینی (ئە بووبە کر عە لی) ی شاعیر کە لە ١ ی ٩ ی ١٩٩٤ دا لە سلیمانی، بە دە ستی چە کدارانی (ی.ن.ک) بە روژی نیوەرو تیرور کرا، وشک نەبوتەوە، ئیدی کوا زیدەرووییە ئەگەر بلیین: ژیانی ئە و ئە دیبە هە رە شە لیکراوانە لە مە ترسیی راستە قینە دا یە!

ئیمە بەو هاوارنامەیە لە: رووناکبیران، خیرخوازان، لایەن و ریکخراوە مروفدوستەکان داواکارین چی زووترە بەهەر شیوازیک بویان دە لوی، بو پاراستنی ژیانی ئە و نووسە رانە هە لویست بنوینن.

ستوکهولم ١٥_١١_١٩٩٧

ئەحمەد هەردی، ئەکرەم عەلی، ئەنوەری سولتانی، ئەنوەر قادر محەمەد، بەروژ ئاکرەیی، پشکو نەجمەدین، جەمشید حەیدەری، خەبات عارف، خەلیل دهوکی، دایکی سولاف، رەفیق سابیر، رەهبەر جەلال، س. چ. هیرش، سە باحی غالب، شیرزاد حە سە ن، عە بدوللا پە شیو، فازیل جاف، فە رهاد شاکە لی، فە ریاد فازیل عومە ر، کاکە باس، گوران قە رە داخی، مە هاباد قە رە داخی، هاشم کوچانی، هیدی

***

هەواڵنامەی کتێب

# تابلو

(هونەرمەندی ئەم ژمارەیە)

ـ سمکو ئەحمەد

ـ لە دایکبووی سلیمانی ١٩٦٨

ـ دەرچووی کولیجی ئەندازیاری لە زانکوی سەلاحەدین

ـ ئەندامی مەلبەندی هونەر و ئەدەبی کریکاری

ـ سالی ١٩٩٣ بو یەکەم جار لە سلیمانی بەرهەمەکانی پیشان‌دران و دوای ئەم لە زور پیشانگادا بەشداری کردووە.

ـ لە مانگی ٧ی ١٩٩٦ لە "توکیو" بەشداری کرد لە پیشانگایەکی موزەی"میتروپولیتان"دا.

***

# مەنووسە، مەپرسە، بترسە، مقەستیکی "هەتاو"ت بەسە!

عبدالله سالح

بو سە رنووسە ری "هە تاو"، دوای سلاو!

لە وەلامی نووسینەکەی زاگروس زەردەشتیدا کە لە ژمارەی (١٧)ی مانگنامەی "هەتاو" دا هاتبوو، وەلامیکم نووسیە وە و بو ئیوە م نارد، دوای یە ک دوو جار گفتوگوی تە لە فونی لە گە ل خوتان، گفتی بلاوکردنە وە تان دا.

کاتیک ژمارە (١٨_١٩) ی "هە تاو" هاتە دە ر، دە بینم وە لامە کە ی من جگە لە وە ی لە گوشە یە کی تە ریکی "هە تاو" دا وە بە تیکە لاوی لە گە ل بابە تی تر دا هاتووە، بە ئارە زوی خوت مقە ستت تی خستووە و سانسوریکی وات کردووە مە گە ر لە گوفارو روژنامە کانی حیزبە قە ومیە کانی عیراق و کوردستان دا ببینی. رە نگە بیانووت وەدرە نگ کەوتنی وەلامەکەی من بیت، یان دوور و دریژی، یا...، بەلام هیچیان نابنە موبەریری ئە م سانسورکردنە و شیعارە کە ی سە رە وە ش دە بیتە تە عبیری راستە قینە لە سیاسە تی "هە تاو"!

ئە م کارە تە نها تە عبیرە لە یە ک حە قیقە ت، ئە ویش تە حمول نە کردنی بیرورای دژە، بە پیچە انە ی هە موو ئیدعایە ک.

ئیوە دە تان توانی بابە تە کە بلاو نە کە نە وە، یا نیوە ی لە م ژمارە یە و ئە وی تری بو ژمارە ی دواتر، یا ئیشارە یە ک بە م مقە ست تی خستنە بکە ن، یا هە ر بیدە نگە لە هە مووی بکە ن و بلاوی نە کە نە وە باشتربوو لەم سانسور و ئە م شیوازە لە بلاوکردنە وە .

عبدالله سالح ٢٠_١_١٩٩٨

وینە بو :

_ بو پیشە وە

_ پە یام

_ هانا

ئە مە ش دە قی نووسینە کە یە:

# بو ئەوەی "هەتاو"یش نەچیتە ریزی "نیمروز"ەوە!!

عبدالله سالح

لە ژیر ناوونیشانی "مەنسور حیکمەت لە نیوانی چەکوش و سنگدان‌دا" لە ژمارە (١٧)ی ئوکتوبەری ١٩٩٧ی مانگنامەی "هەتاو"دا، نووسینیک بە قەلەمی زاگروس زەردەشتی هاتووە. ئەم نووسینە جگە لە کوکراوەی چەند نووسینیک و میژووچە یە ک، (هە لبە ت لە روانگە ی نووسە ر خویە وە) کومە لیک تە وهین و ئیهانە و جنیو و توهمە ت هەلبەستنی تیدایە کە بو هەر کەسیکی ئاگادار لە میژووی نزیکی کوردستان و ناوچەکە جیگای سەرنج و لە سەروەستانە. ئەمەش نەک لە بەر وردبینی و روشنبینی نووسەر خوی، بە پیچەوانە، ئە م هە لویستە یە پیویستە بو ئاشکرا کردنی چە ند راستیە ک کە رە نگە بو باشتر هە لسە نگاندنی بابە تە کە کومە ک بکە ن و ریگا بگرن لە وە ی یە ک لایەنە هەولی چەسپاندنی حوکمی نادروست و نابەجی و ناروا بدری؛ هەروەها کومەک بکات بەوەی بلاوکراوە کوردیە کانی هە ندە ران، تاکو بکری، بە ناوی "بیری ئازاد"ە وە هیرش نە کە نە سە ر ئینسان و جە رە یاناتی پیشکە وتووخواز

و ئازادی خواز و کەسایەتیەکان، کە کومونیستەکان پیشەنگیانن؛ وەهەمان د ە ور بگیرین کە بلاوکراوە کانی حیزبە دە سە لاتدارە کانی کوردستان دە یگیرن لە گومرا کردنی بیرورای خە لک و خول بە چاودا کردنیان و واقع پیشان دانیان بە سە رە وبنی، بە سوود وە رگرتن لە بیرو باو ری "کوردایە تی و کوردپە روە ری..."

نووسە ر، (بەر لەویش سەرنووسەری هەتاو) زور ئاگایانە بابەتەکەیان هەلبژاردووە و بلاویان کردوتە وە و جیگایە کی دیار و بەرچاویشیان داوەتی لە مانگنامەکەدا، بە جوریک کە ئە م ژمارەیە تەنها دوو بابەت لە خوی دا زەق دە کاتە وە کە یە کیکیان ئە مە ی زاگروسە .

کاتیک بابەتەکە دەخوینیتەوە، بتەوی یان نەتەوەی، چەند پرسیاریک دیتە بە ر چاوت. بەشیک لەو پرسیارانە ئە مانە ن: ئایا نووسە ر یان باشترە بلیین نووسە ر و سە رنووسە ر بە دوای چ ئامانجیکە وە ن؟ مە بە ستیان لە نووسین و بلاوکردنەوەی ئەم بابەتە چیە؟ لە گەل مەنسوری حیکمەت چیان هەیە؟ ئاخو دوژمنی "سویند خواردوویانە"؟ ئە م هە موو رق و کینە یە لە کویوە سە رچاوە دە گری!؟ ئاخو غە رە زی شە خسی یە؟ یان سیاسی؟...هتد.

بو زیاتر روون کردنە وە، پیم باشە هە ندیک بگە ریمە وە دواوە و خە لفیە تی رووداوە کان بە کورتی باس بکە م، کە بی شک کومە کیش دە کات بە وە لام دانە وە ی پرسیارە کانی سە رە وە، یا خود ناروشنی یە ک کە هە بیت.

مە نسوری حیکمە ت، رابە ریکی بە رجە ستە و دیاری جە رە یانی کومونیزمی کریکاری، رە مزی توانای فیکری و تیئوری سیاسی ئە و جە رە یانە یە کە لە ئاستی ناوچە ی روژهە لات دا وە بە تایبە ت لە ئیران و عیراق دە ور و نە خشی دیاری هە یە لە خە باتی چینی کریکاردا؛ ئە و چینە ی زور خە ریک بوون لە کوردستان تە نانە ت ئینکاری وجوودیشی بکە ن. ئەو جەریانە دەوری گرنگی هەیە لە سەر ئاشکرا کردن و ریسواکردنی جەرەیاناتی بورژوازی، هە ر لە ناسیونالیزم و دینەوە بیگرە تاکوو تەحریفیەت، وە هەموو ئەولق و پوپانەی لیی دەبنەوە، دە ور و نە خشی دیاری هە یە لە سە ر روون کردنە وە و نیشان دانی ریگای خە بات بو ئە نجام دانی شورشی کریکاری و بە دیهینانی کومە لگای سوسیالیستی و کومونیستی، لە سە ر بنە مای بیری بە رزی ئینسانی، بیری مارکسیزم، خە بات دە کات بو دامە زراندنی کومە لگایە ک کە شیاوی بە شە ر بیت؛ کومە لگایە کی ئینسانی کە تیایدا چە وسانە وە ی ئینسان لە سە ر ئینسان نە مینیت؛ هە لاواردن لە سەر بنەمای رەگەز، پیست، نەتەوە، دین، نیرومی وجوودی نەبیت؛ بە کورتی خە بات بو بە دیهینانی دنیایە کی باشتر.

مە نسوری حیکمە ت و ئە و جە رە یانە کومە لایە تی یە ی ئە وی وە ک رابە ر هیناوە تە کایە، دە لین: خە بات بو بە دیهینانی ئە م ئامانجە لە گرە وی یە کگرتوویی چینی کریکار دایە. ئە م خە باتە مومکینە و هە ر ئیستا هە موو موستە لزە ماتی ئامادە یە، موستە حیل نیە، با بلندگوکانی بورجوازیش بە خە ونی لە قە لە م بدە ن، ز ە ردە ی بە مە سخە رە بیتە سە ر لیویان لە کاتی باس کردنی دا، کە لە راستی دا خویان مەسخەرە دەکەن. واقعیەت سەلماندوویەتی و هەر روژە باشتر دە یسە لمینی کە خولقینە رانی دنیا، خو لقینە رانی سە روە ت و سامان و خوشی کین و مشە خور و ئینسان کوژ و تاوانبار و شە رخواز و موجرم کین.

کومونیزمی کریکاری سەفیکی پیشرەوە لە ریزی ئەم خولقینەرە مەحروومانە؛ لە ریزی چینی کریکار لە هەموو گوشەیەکی ئەم جیهانە. هەر بویەش ئەمرو لە ناو هەموو هەراوهوریای "بازاری ئازاد"دا، (ئەو سیستەمەی دوای رووخانی سوسیالیزمە درویینە کە ی یە کیە تی سوفیە ت، بورجوازی جیهانی تە پلی بو لیدا و بە بانگە شە ی "کوتایی هاتنی کومونیزم"ی ناوبرد) جە ریمە بی سنوورە کانی هە ر ئە م سیستمی بازاری ئازادە لە ئاسیا، ئە فریقا، ئە مریکا و تە نانە ت ئەورووپاش زور بە ئاشکرا و روونی دیارن؛ وەک نموونەی زەقیش خوبەستنەوەی حیزبە قە ومیە کانی کوردستان بە م سیاسەتەوە چ مال ویرانی یەکی بە دواوە بوو بو جەماوەری کوردستان و خودی حیزبە کانیش. هە موو ئە و روشنبیرە وردە بورجوازیانە ش کە تا دوینی مارکسیزمیان وە ک مودیل لە بە رکردبوو، بە م تە پلە کە وتنە هە لە کە سە ما. تە نانە ت ئە و لایە نانە ی کە لە ژیر ناوی کومونیزم و مارکسیزمیش دا خویان حە شار دابوو، کە وتنە فکری ناوگورین و شە رمیونانە

رووی خویان وه رگیرا. ئه مه  جیا له وه ی خودی بزوتنه وه ی کومه لایه تی بورجوازی شایی ئه زلیه ت بوونی خوی له دل دا ده گه را.
ئه م خه ونه زور زوو پووچه ل بووه!! ئیستاکه زوربه یان سه ریان وه به ردکه وتووه و چ ته فسیریکی ئه وتویان پی نه ماوه دلی پی خوش که ن، ئیتر شه لم کویرم که س نابویرم.
کومونیزمی کریکاری، ئه م جه ره یانه پیشره وه، له ریزی پیشه وه ی خه بات و وه ستانه وه به ره ورووی ئه م دنیا پیچه وانه یه دا سه نگه ری گرتووه و له و روژگاره دا یه ک به دوای یه ک هه ر دوو حیزبی کومونیستی کریکاری ئیران و عیراقی پیک هینا که خوی له خوی دا وه لامیک بوو به م هه ل و مه رجه.
ئه گه ر له میژووی نویی کوردستان دا رووداویک هه بی جیگای شانازی بیت، ئه وه کومونیزمی کریکاری یه که له پیش چه ندین شوینی دنیا له وی دا سه ری هه لدا و گه شه ی کرد و حیزبی خوی پیک هینا.
له کوردستان دا ئه م جه ره یانه له ریزی پیشه وه ی خه باتی کریکاران و گشت مه حروومان و بی به شانی کومه ل دا سه نگه ری گرتووه و رووی راسته قینه و دژی به شه ری ناسیونالیزمی کورد، دین، عه شیره تگه ری و بیروړای گه نده لی پیاوسالاری... هتد ئاشکرا ده کات و راست و ره وان په رده له سه ر سیاسه ته کانیان هه لده داته وه و بو جه ماوه ره یان ئاشکرا ده کات؛ بی سله مینه وه و سل کردن ئالای ئازادی و یه کسانی و حکومه تی کریکاری هه لکردووه؛ به رابه ری ژن و پیاو و فه زحی ده وری دین له ژیرده سته یی ژن دا بو پیاو، وه ستانه وه به رووی تیروری ژنان، تیروری موعاره زه ی ئیرانی، ته ده خولی ولاتانی ناوچه که له کوردستان، خه باتی قوتابیان، ماموستایان و فه رمانبه ران بو گه یشتن به مافه کانیان، سیمای ئه م جه ره یانه ی له کوردستان دا پی ده ناسریته وه و سه دای هه یه.
ئه م جه ره یانه، که ته خه لوف و کونه په رستی چاوی پی هه لنایه، هه ر ئیستا له کوردستان دا جگه له کریکار و زه حمه تکیش، سه فیکی به رینی له ئینسانی ئازادیخواز و مودیرن و خوازیاریی عیلمانیه ت له ده ور کوبوته وه و زوربه یان دان به و راستی یه دا ده نین که بوونی حیزبی ئه م جه ره یانه، حیزبی کومونیستی کریکاری عیراق، وه هه لویسته شورشگیره کانیه تی که ریگه ی گرتووه له به رده م گورینی کوردستان به ئه فغانستان و ئیرانیکی که. ئیتر سه یر نیه که ئه م جه ره یانه و رابه ره کانی بکه ونه به ر نائوسولی ترین و دواکه وتووترین و نزمترین قسه ی پروپووچی نه یاره کانیان. ئه وه تا ریبوار ئه حمه د فتوای قه تلی بو ده ده کری، روژنامه ی "بوپیشه وه" داده خری، ئیزگه ی ده نگی حیزبی کومونیستی کریکاری عیراق په لامار و گه مارو ده دری، مقه ره کانی په لامار ده درین، رابه رانی وه ک نه زیر عومه ر و به کر عه لی تیرور ده کرین. به لام ئه م جه ره یانه تا دیت ریشه دارتر ده بیت و له ناو جه ماوه ردا به گشتی ئیعتبار و نفوزی زیاد ده بی و جیگا به ناسیونالیزم له ق ده کات؛ ئیتر ده بی چاوه ریی په لاماریش بیت، په لاماریک که ده چیته خانه ی هه مان په لاماری دوژمنانی ئازادی و یه کسانی به شه ریه ت و دوژمنانی دنیای ئازاد و خالی له چه وسانه وه، دنیای شیاوی ئینسان.
با بزانین به سه رهاتی "نیمروز" چیه؟ هه فته نامه ی "نیمروز" که له له نده ن به زمانی فارسی ده رده چیت و تاکو ژماره (۴۲۰)یشی له ریزی ئوپوزیسیونی ئیرانی دا حیساب ده کرا، ئیستا، وه دوای ئه وه ی له ژیر په رده ی "سانسور نه کردنی" مه قاله کانی نووسه ره کانی دا، نووسینی قه له م فروشیکی به ناوی "نه ویدی پور" بلاوکردوته وه که قسه ی له سه ر رابه رانی حیزبی کومونیستی کریکاری ئیران کردووه و توهمه تی بو هه لبه ستوون، "نیمروز"یش مه قاله که ی قوزتوته وه و "سه بقی سه حه فی" کردووه.
دوای بلاوبوونه وه ی ئه م نووسینه، "نیمروز" که وته ژیر فشاریکی زوره وه و ته نانه ت گومانی جاسووسی کردنی بو جمهوری ئیسلامیشی درایه پال، ناچار عوزرخوایی هینایه وه، به لام له دریژه ی هه مان مه به ست دا دووباره ده ستی دایه وه هه مان شیوه له نووسین بلاوکردنه وه که ئیتر مه جالی شکی له سه ر خوی لابرد و نووسینه کانی بوونه بنیشته خوشکه ی زاری روژنامه کانی جمهوری ئیسلامی و له وانه "که یهانی هه وایی" و به قه ولی ئه سغه ری که ریمی ده بی ئیتر سه رنووسه ری

"نیمروز" کلاوه که ی لار کاته وه.

ئه م توره هات بیژی یه ی زاگروس که داخی دل و زووخاوی ناسیونالیزمی کورده، سه رچاوه که ی له بلقه ته قیوه که ی رابه رانی "توبه"کاری ناسیونالیزمی کورده وه ده ست پیده کات و قاچی ئه م و ئه ویش ده گریته وه با له ژیر ناوی "بیری ئازاد"یش دابیت. ئاخو کامه یه ئه م بیری ئازاده ی به شوین قسه و قسه لوکی پروپووچ بکه ویت، به شوین جنیو و ته وهینی شه خسی بکه ویت، کومونیزمی کریکاری له کوردستان دا له وه دا "شانسی" نه هیناوه که رووبه رووی ناسیونالیزمیکی دواکه وتوویه له فکر و خه بات دا، هه رچه نده ئه و ده یه وی واداری بکات به گرتنه به ری ریگای ئوسولی بو خه بات، ئه م هه ر مل نادات و ده گه ریته وه نوقته ی سفر.

ره نگه که سانیک هه بن بلین ئه م قسانه ی له بابه تی زاگروس تازه نین؛ ده میکه کراون و له زور شوین دا بلاو بوونه وه. ئه مه راسته یان نا مه سه له یه کی که یه ، به لام هه ر که سه نانی خوی لی ده خوا، ده نا ئه گه ر کای کونه بو به بای ده که ن!! و ده بنه "نیمروز"یکی تر.

بلاوبوونه وه ی ئه م بابه ته له "نیمروز"دا به لای منه وه ته نها یه ک ته فسیری هه یه، ئه ویش ئه وه یه که جمهوری ئیسلامی ئه م مه علوماتانه ی دروست کردووه و خستوویه تیه به رده ست به کریگیراوانی، تاکو بلاوی بکه نه وه. هه ر بویه هه ویه ی نووسه ره که ی مه علوومه و ده وری "نیمروز"یش وه ک بلندگوی ئه م سیاسه ته زور ئاشکرایه؛ وه دیاره به قازانجی کی یه و کی سوودی لی ده بات.

ئه گه ر ئه مه حالی "نیمروز" بیت، ئه ی "هه تاو" چی؟ "هه تاو"، تو چ کارت به هه لدانه وه ی په روه نده ی ناو ده زگا جاسووسیه کانی ئیرانه! ئه وان نیچیری خویان راو کرد و ده ست خوشانه یان وه رگرت، تو چی؟

به گشتی ئه گه ر سه رنج بده ینه پرسیاره کانی پیشوو، یه ک وه لام خوی زه ق ده کاته وه، ئه ویش ئه وه یه که زاگروس و "هه تاو" به دوای یه ک مه به سته وه ن، ئه ویش سیاسی یه ، زیاتر له وه ی هیچی تر بیت. زاگروس هه رچی یه ک بیت ئاستی سیاسی و شه خسی له ئاستی نووسینه که ی دایه؛ به لام د. که مال وه ک ئه دیبیک و نووسه ریک و روژنامه نووسیک (با ناسیونالیستیش بیت) بو ده بی بیته ئاستی جنیو بلاوکردنه وه و دوورکه ویته وه له رووبه روو بوونه وه ی ئوسولی له خه باتی سیاسی دا؛ لانی که م ئه و ماوه یه کی که م نیه له ئه وروپایه و له گه ل دیموکراتیه که شیه تی. به هه ر حال وه لامه که ی بو خوی به جی دیلم!

من به دووری نازانم ئیستاش زور که س و لایه ن هه بن بیانه وه ی "ئه م شانازیانه یان به نسیب بیت" و سه فیان به ستبی بو ئه م ریزه و بو ده وری له م بابه ته ی نه ویدی پور و زه رده شتی.

ئه م شانونامه یه ی وا ورده ورده په رده کانی هه لده درینه وه، ده رهینه ره که ی ئاشکرایه کی یه؛ بویه ده لیم باشتر بوو "هه تاو" نه هاتایه ئه م ئاسته و ئه م "سه بقی سه حه فی"یه ی نه کردایه.

دوا وته شم ئه وه یه: ئه م جوره توهمه ت لیدانه بو رابه ران و هه لسووراوانی بزوتنه وه ی کومونیستی له میژووی خه باتی چینایه تی دا نموونه ی تریشی بووه و به لای کومونیسته کانه وه شتیکی غه ریب نیه، چونکه هیرش کردنه سه ر حورمه ت و شه خسیه تی ئینسان، سوننه تی دوژمنه کانیانه؛ به تایبه ت کاتیک سه رسام و ده سته وه ستان ده بن له به رانبه ر گه شه و ده رکه وتنی ئه وان دا. حکومه تی کرینسکی، دوای شورشی شوباتی ۱۹۱۷ لینین یان به جاسووسی ئه لمان دایه قه له م و ده ست خوشانه شیان دیاری کرد بو ئه وه ی ده یگری. ئاخو زاگروس ده ست خوشانه ی خوی له کی وه رده گریت!؟

نوفه مبه ری ۱۹۹۷

*** تیبینی: ئه م نووسینه له ژماره (۱۸_۱۹)ی "هه تاو"دا بلاوکرایه وه، به لام به دوای ئه وه ی مقه ستی سانسور به راست و چه پ تیی که وت، زیاتر له نیوه ی بابه ته که ی قرتاند؛ به پیچه وانه ی ئیدیعای هه تاو که ده لی: "بنووسه، بپرسه، مه ترسه". ئیمه نووسیمان به لام ئه وان سه ریان بری! ئیتر کامه یه ده نگی ئازاد و لیبرال!!؟

***

# خوشەویستی قەدەغە

لەیلا

ئەم خوشەویستی یە لە کاتیک دا دەستی پیکرد، کە من تەمەنم ۱۴سالان بوو. ئەویش خوشەویستی یەک بوو لە یەکە مین سە رنج دا. ئە و کات ئیمە لە شاریکی کوردستانی عیراق دا دە ژیایین. تازە گە یشتبوومە ئە و تە مە نە ی کە هە ست بە بوونی جنسی بە رامبە رم بکە م.
ئەو لە من چوار سال گەورەتر بوو. هەردوکمان دەمان زانی ئەو هەستەی هە یە خوشە ویستیيە. بە لام کە سمان بو یە کتریمان روون نە دە کردە وە. تا دە هات زیاتر لە یە ک نزیک دە بووینە وە؛ ئە ویش لەبە ر ئە وە ی کە ئە و هاوریی براکانم بوو. پاش ماوە یە ک ئە م هە ستە نە دە کرا هە ر ئاوا بە شاراوە یی هە لبگیری. لە کوردستا ن دا ئە م جورە هە ست دە ربرینە دە ربارە ی خوشە ویستی دە بی یە کە م جار لە لایە ن کورە وە دە ست پیشخە ری تیا بکریت. هە ر بویە ئە ویش وای کرد.
پاش ئە وە خوشی و شادی بە جوریک بە سە رم دا باری کە نە مدە زانی چی بکە م. یە کتر بینین زور سە خت بوو. بە لام هەندیک جار بەنهینیەوە دەمانتوانی یەکتری ببینین. هەندیک جاریش لە ئاهە نگ و شتی وا دا چاومان بە یە ک دە کە وت. بە لام نە مان دە توانی پیکە وە قسە بکە ین. ئە ویش نە بادا کە س وکارمان گومانی شتیکیان لا دروست بیت.
بە لام روژیک ئە وە ی کە ئیمە لیی دە ترساین، روی دا. روژیک باوکم و دایکم من و ئە ویان لە بازار دی بوو. کاتیک گەرامەوە مال؛ دایک و باوکم ئاگریان لی دەبووەوە. براکەم بریاری دا کە ئەگە ر جاریکی تر یە کتری ببینین، ئە وا کورە کە دە کوژیت. ئیتر من لە باری دە روونیە وە تە واو تیک شکینرام. لە مالە وە دوزە خیکیان بو قاندام. پاشان هە رە شە ی ئەوەیان لیدەکردم کە دەمدەن بە کوری مامەکەم. کوری مامیک کە من بە هیچ شیوە یە ک نە مدە ناسی. زور جاران وە سوە سە ی خوکوشتن دە هاتە بن کلیشە م. ئە وە م پی باشتر بوو، نە وە ک لە گە ل کە سیک دا ژیان بە سە ر بە رم کە بو من وە ک غە ریبیک وابوو. دواجار بە و ئاکامە گە یشتین کە بە کە س و کارە کانمان بلیین تاکو ئیزدواج بکە ین. ئە وان هاتن و بو چە ندین جار داوای دە ستی منیان کرد. بە لام وە ک هە موو جاریک بە نارە زامە ندبوونی دایک و باوکی من کوتایی دە هات.
پاشان مالی ئیمە بریاریان دا کە کوردستان بە جی بهیلن و رووبکە نە ئە ورووپا. ئە مە لە کاتیک دا بوو کە خوشە ویستیمان ۳ سال بە سە ر تە مە نی دا تیدە پە ری، ئە گە رچی قە ت پیکە وە نە بووین. لە م سەفە رە دا زیاتر نیگە رانی ئە وە بووم، کە دەمزانی دەبوایە ئەو و ولاتم بەجیبهیشتایە. ئەم کارە وای دەکرد کە خوشەویستیە کە مان زیاتر بی هیوایی تیادا دە بینرا. دە مزانی کە دلمان بو هە میشە لە یە کتر دادە برا. چونکە ئیتر نە مان دە توانی بە یە ک بگە ین. ئە مە ش وای دەکرد کە زیاتر لەباری فیزیکی و سایکولوجیەوە بروخیم. هەستم بە لاوازی دەکرد و چەندین کیلو هاتمە خواری. نە مدە زانی چون مالئاوایی لی بکە م؟
کاتیک ئە و بە مە سە لە ی سە فە ری ئیمە ی زانی؛ چە ندین جار بە نیازی مالئاوایی کردن نزیکی مالی ئیمە بوە وە، بە لام بیهوودە. تا جاریک لە لایە ن براکانمە وە بانگ کرایە ژوورە وە. بە تووڕە یی پی یان راگە یاند: کە جاریکی تر نزیکی ئە م گەرەکە نەکەویتەوە. ئەو لە وەلامدا بە براکانمی وت: کە ئەو نایەویت بە هوی ئە وە وە کاریکی خراپ لە گە ل مندا بکە ن، یاخود ئازارم بدە ن، یان سوکایە تیم پی بکە ن. دواجار هە ر کە سمان نە مان توانی مالئاوایی لە یە کتر بکە ین.

بە و هیوایە ی ولاتیکی ئە ورووپا دالدە مان بدات بە رە و تورکیا ریکە وتین. ئە و لە ریگە ی هاورییە کی منە وە نامە یە کی

بوم ناردبوو. ئەو نامەیە تاکە ئامرازی دلدانەوەی من بوو. پاش ٣ مانگ لە بی هەوالی، نامەیەکی تری ئەوم پی گەیشت. نوسیبووی کە لە جەنگ دا بریندار بووە.نەمدەتوانی نامەکە بە تەواوی بخوینمەوە. هەموو جاریک لەسەرەتاوە دەستم بە خویندنەوەی دەکرد، لە هەوالی برینداربوونەکەی دا کوتاییم پی دەهینا. غەمیک سەرتاپای دادە گرتم. تا دوا جار یە کیک لە هاوریکانم کە لە گە لم دا بوو، نامە کە ی تا کوتایی بو خویندمە وە. منیش نامە یە کم بو نووسی و داوام لیکرد کە هە ر چونیک بووە بیتە تورکیا.

پاش شە ش مانگ لە تورکیا، توانیمان لە ریگە ی UN (سازمانی میلە ل) لە سوید وە ربگیریین. یە کە مین هە فتە مان لە سوید، بو من خوشترین و پرکامە رانی ترین هە فتە بوو. چونکە پیم وابوو کە ئیتر لە مالە وەمان جاریکی تر باسی کوری مامە کە م ناکە ن. بە لام لە هە فتە ی دووە م دا دایان بە گویم دا کە لە ریگە ی منە وە قە رارە کوری مامە کە م بهینریت بو سوید. واتا وە ک میردی خوم بیناسینم. هە ستم کرد دنیا بە سە رم دا دە رووخی. نە مدە زانی چی بکە م؟ روو لە کوی بکە م؟ بەلام دواجار پیم وتن: کەمن ئەو کارە ناکەم. ئاخر من دلم هەر لای ئەو بوو وهیچ کەسیکی تر نەیدەتوانی جیگایە ک لە دلم دا داگیر بکات.

پاش سالیک نامە و وینەیەکی ئەوم پیگەیشت. لە نامەکەی دا هاتبوو کە ئەو دەربارەی ئیزدواجی من و کوری مامە کە می بیستووە و زور هە ست بە دلشکاوی و نیگە رانی دە کات. پاشان نووسی بووی کە لە بە ر ئە وە ی من ئە وم لە بیرچوتە وە و ریگای خومم گرتوە تە بە ر؛ بویە ئە ویش بریاری دابوو بە ریگای خوی دا بروات. ئە گە ر چی هیشتا ئە و بروای بە وە هە بوو کە دە کری بو یە ک ببین، بە لام کاتیش درە نگ بوو.

دوو دلی و غە م تە نگیان پی هە لچنیم. لە ئیستادا هە موو شتیک بی هیوا بوو. نە دە کرا هیچ شتیک بکری. من دلنیا بووم کە قە ت بو یە کتر نابین. فرمیسکە کانم هیچی تریان پی نە دە کرا؛ جگە لە وە ی کە غە م لە ریگای جوگە لە کانیانە وە ببە نە دە ر. دوای شە ش مانگ وینە یە کی خوی و هاوسە رە کە یم لە ریگە ی هاوری یە کمە وە پیگە یشت.

ئە و کات من هیچ فرمیسکیکم پی نە مابوو و غە میش لە دل دا گە یبووە بنی. بریارم دا کە ئیتر بو هە میشە ئە و لە دلم دە ربکە م. بە لام هە ستم دە کرد کە ئە و لە شوینیک دا؛ کە خوشم نازانم کوییە هە ر مابوو. دواتر بوم دە رکە وت کە ئە و لە ژیرخانە کانی ناو وشیاریم دا بوونی هە بوو.

روژیک هاوری یە کم لە تە لە فون دا پیی وتم کە ئە و خیزانە کە ی لە تورکیان و چە ندین جار زە نگی بو لیداوم. بە لام نەبادا کەسیکی کەی مال وەلام بداتەوە، تەلەفونەکەی داخستبوو. بەلام ژمارەی تەلەفونی خوی لای هاوریکەم بەجی هیشتبوو.

ژمارە ی تە لە فونە کە م لە هاوری کە م وە رگرت. لە سە رە تادا نە مدە ویست زە نگی بو لی بدە م. نە مدە ویست جاریکی تر غە م بە خە بە ر بینمە وە و دە ریای هە ست بینمە وە جوش. زور دە ترسام جاریکی تر هە ستی نوستوی شاراوە تیامدا دووبارە تازە بیتە وە. لە لایە کی ترە وە لە بە ر خیزانە کە ی ئە و نە مدە ویست ئە و کارە بکە م. بە لام پاش ماوە یە ک نە متوانی هە روا راوە ستم. دە مویست دە نگی ببیستم، بزانم هە ست بە چی دە کات و چون دە گوزە رینی؟

چەندین جار سەماعەی تەلەفونەکەم هەلگرت و دام نایەوە. بەلام لە ساتیک دا کە تە لە فونە کە م بە دە ستە وە بوو؛ هەستم کرد ژمارەکەی ئەوم لیداوە و گویم لە دەنگی ئەوە. کە هەوال پرسیم لی کرد؛ دەنگی ناسیمەوە. بەلام بیدە نگی یە ک بو ماوە یە ک لە نیوانمان دا خوی مە لاس دا. هە ردوکمان واقمان ورمابوو. ئەو تە لە فونە کە ی دایە دە ستی هاوری کە ی تە نیشتییە وە. کە میک لە گە ل هاوری کە ی دا قسە م کرد. کاتیک ئە و لە راچلە کینە کە ی بە ئاگا هاتە وە و لیی هاتە دەر، کەمیک پیکەوە قسەمان کرد. لە هەوالی چاک‌وچونی پرسین بەولاوە، کەسمان نەمان توانی قسە یە کی تر بکە ین.

لە کاتی نووسینە وە ی ئە م دیرانە دا؛ دلنیام کە هیچ کە سیک ناتوانی جیگای ئە و لە دلم دا پر بکاتە وە. ئە گە ر چی لە بە ر خیزانە کە ی بریارم دا کە بو هە میشە کوتایی بە و عیشقە بهینم.

ئه مه ی ده یخوییننه وه، چیروکی ئه و خوشه ویستیه قه ده غه کراوه یه که هه ر روژه ی له به ینی هه زاران که سی تری وه کو من دا دووباره ده بیته وه. ئه مه داستانی غه میکه و بو ماوه ی هه شت ساله لای من میوانه. خوشم نازانم چه ندی تر له گه ل من دا دریژه به ژیانی خوی ده دا.

***

هەواڵنامەی کتێب

# "گورانی دەم ریبەکی داخراو ...؟"

ب. سولین ـ جوزه ردانی١٩٩١ ئیران

(بو کوره وه که ی* ١٩٩١) که خه ریکه ته مه نی ده بیته حه وت سالان

بالنده ی روحی ته ریوتان؛
له ئاسمانی دنیایه کی سینه قه ترانیدا گمه ی دی و
هیلانه ی ئه م ده فه ره ش
ده وه نی ئازاریکی سه خت سه خته
به شان و ملی زه مینیکی بی ده ستنویژ دا
هاتوته خواری.
ـ له میحرابی چ غه میک دا ده خوینن و ده نیشنه وه؟
له م گولشه نی غوربه تیه دا...
هه ر دره ختی بالاهه لچوی برینه سه وز چوته وه
له م مشتی غوربه تیه دا...
بای ره شی کوچیکی کویریش به ره و وه رزی
زره خه زانتان ده بات!
سارای ئه م ولاته مه زارگه یه و
ته نی کیلی عومری ئیوه ی تیا شین ده بی
ـ ئه ی ولاتی ته لبه ندی مه لی روح و ته رمی
شیرینی شیعر :
وشه چاو زه ردبووه کانم؛ له م ده یجوره دا
بی وه نه وزن و... بوون به تریفه ی چاوی دیده کزه کان
پارووی منالیکی ناو باوه شی مه رگیکی هیدی و
فره ئه سته م

ـ ئه ی کوچی تفت و بی فه ر له گه ل تومه!
هه وری جادووگه رت؛ جانتای لیشاوه دووکه ل بوو
باریزه.... زریانی به د فه سال
زمانی ئاسمانیکی سارد و سری کوسار سرکه ر بوو
ئا له و کاته دا.... ؛
دایه نی داربه رووی داوین ته ریش
خوی با ده دا له سه ر میزی شه هوه تی شاهه کانا و
گه نجینه ش خه لاتی... له زه تی سنگی پوپه شمینی و
شیله ی مه مکی تورت و پر بوو

ئازیز مردانم :
له گوی قاقای رووباری سولتانه کانا
نه غه مه ره نگاوره نگه کانتان شکوفه ده که ن
نه سه یوانی ته ری گریانیشتان
گولی لاله و ئه رخه وان ده گرن !
هاوه لانم _ لیم مه ره نجین؛ ئا لیره دایه...
به مردوویی ده ژین و به مردوویی ده مرن !
لومه م مه که ن؛
ئیوه له قیژه ی وه رزیکی وه جاخ کویر دا ده ژین و
ده مرن !
با ئه م وه رزه زره ی کوچ و بار ببریته وه
ئه وه تانی...
پرچی خاوی خور هه لپاچرا
ده نگمان نه کرد
مه مکی شلکی هه ور بررا
ده نگمان نه کرد
چاوی که ژالیی ئاسمانمان هه لوه رینرا
ده نگمان نه کرد
په نجه ی باریکی زنه و کانی قرتینرا
ده نگمان نه کرد
زمانی بیده نگیش په رینرا
هیچ ده نگمان نه کرد
ده پیم بلین : که ی ده نگ ده که ن... که ی...؟!

❊❊❊

ئای سه مای چ کوچیکی ره شه
له سه ر شانوی ئه م ولاته ره شه دا
هاکا به ده م ریی هات و نه هاته وه
به هه شتی دل و چراخانی چاوی مانوشتان
بوو به سوتوو
ده زانم... به م که ژی ژانه وه
له به ر بروسکه ی برسیتی و بارانی بونکرووزی
گه ده دا
ته نی چه تری مردن شک ده به ن

هەواڵنامەی کتێب

ته نی سترانی کوچیکی له گوچوو ده لینه وه
ئای سه مفونیه ی مردنیش به چ ئاوازیکی
بی سه رحه د و ئه سته مه
... ئه ری دیوتانه...؛
خوزگه دلداری له گه ل مه رگی بیواده ی خویدا بکا؟
ده میکه ئه م سوناتای مه رگه ساته م گوی لیبووه
هاکا به ده م ریی چاوپشکوتون و له بار چوونه وه
کانی که وسه ری عومریشتان کویر ببیته وه
له م دوو رییانی دوزه خه دا_
ئه سپه شی ی سروه یه ک کوانی،
بووکی روانیننتان سه ر زین بنی و
چه میکی ته ریش بکاته زاوا !؟

*کوره وه : کوچ

***

هەواڵنامەی کتێب

# ئاوازی نان

دارا سوورخوچی

بو سه رکرده کانی "یه ک ده رزه ن پارت و ریکخراوی خو به مارکسی زان" که له سایه یاندا کریکاران له ساده ترین مافی چینایه تیان بیبه شن!"

دردونگیی به ژنی شه قامی داگرتووه
کوستبارینیکه... خه م به خه م ده که ویته وه
هه ر که سه و ته رمی خوی له کول ناوه...
ریگه ده بری...
هه یه به ره و هات ونه هات
هه یه نه هامه تیی و ئاسته نگ.
ئه وان... کوست به کوست ده سپیرن
به خه م دلی خه مخانه یان ده ده نه وه،
بو پیشه وه!
گازانده له و پووشته مروفه بی شنگ و توقانه ناکری
به حه زره تبوون... په یکه ری له بیر چوونه وه
بو ته رمه بی مروه ته کان داتاشن.
ئه مه شتو شوره سواره!؟
له حه ژمه تی چولی شه قامه ویله که ی
زولفی شوستان ده رنیته وه،
ئای له و کارخانچیه بی سه روبه ر و گیژانه
چه ند به ئاسانی ده یانه وی؛
به سوزی ئاوازی سه ما بکه ین..
ئیقاعه که ی
له سه ر ترپه ی دلی ئاشقانی شیعر و نان
دانه نراوه!.
کوستبارانیکه نه بیته وه...
ده یانه وی چه ند به ئاسانی
نان_ ته نیا به چرا_ بدوزینه وه!
خه م_ ته نیا به خه م_ بشورینه وه!
ئای له و لاجانگ حیزه بی زاخ و قه له زراوانه
چه ند به ئاسانی ده یانه وی..

۱۹۹۳_۴_۲۵

هەواڵنامەی کتێب

## فەرهەنگوک :

دردونگ : گرژومون

گازانده : گلە یی

پووشت : وریا، زرنگ ، زورزان

شنگ : هیز و تاقە ت، برست

شتو : چ، چ جوریک

***

هەواڵنامەی کتێب

# داخوازی

حه مه سه عید حه سه ن

تکایه ئه مجاره
پر مشتی له خولی
بناری بالانبو بنیره،
له وه ی قه ت
پوستالی عه سکه ر و
پیلاوی پی میم و
دامینی پیاوانی ئیمامی نه دیبی،
کیسه یه شه مالی
که ناری تانجه رو بنیره،
له وه ی قه ت
دووکه لی فروکه ی رژیم و
هه ناسه ی سه رانی هه ریم و
گفتاری شمشیری ئیسلامی نه دیبی.
کیژوله ی هونراوه م
به رووتی جوانتره،
پوشاکی قازانجی تایبه تی مه نیره،
بیستانی ده روونم تینووه،
بارانی ئه وینی ئاگرین بنیره.
کولانی ره وانم تاریکه،
دیوارکوی چاوانت بنیره.
سه عاتی شک نابه م تیا بژیم،
توزقالی ژیانی گه رموگور بنیره،
تامه زروی شوینیکم لیی بمرم،
سیبه ری ئه رخه وان بنیره.

هەواڵنامەی کتێب

***

# دو شیعر

حه مه عه لی حه سه ن

**(١)**

ناونیشانی
ئه و هه واره ی گوی ی له یه که م زریکه م بوو
په له هه وریکی پاییزه ی گرژومونه
کی ئه توانی... وه رزیکی تر
سه ر و سیمای ده ست نیشان کاو
پاش سه فه ریکی ناچاری...
پیمان بلی، حالی چونه !؟

**(٢)**

با پیکه نین رزگار بکه ین له مه رگه سات.
خوشه ویستیش...
له ساردبوونه وه ی ژیله موی ژینی ئه مرو،
نه وه ک هیوا، دوا هه ناسه ی عومری بدات...
نه وه ک تو خوینریژی من بی و
منیش ببمه خوینریژی تو
ئه ی هاوخه می له میژینه م
ئه ی که ره سته ی خاوی دونیای شه رو درو.

***

هەواڵنامەی کتێب

# سیاسەت.

ئاسو

له خه و لی نه که وتنی باوکم دا،

ده ستریژیکی نیوه شه وه.

نیگای گویسوانه ی ماله که مان له زه وی ده چه قینیت و

چکیک سه یری ئاسمان کردن،

ده کاته خه ونی هه میشه ی.

به دوای کوران و کچانی قوتابخانه کانه وه یه و

سه دان کولانیان پی ده کات تا نامه یه ک به یه ک ده ده ن.

له ره شه بای سلیمانی دا یانی خه وزرانی نایلونی په نجه ره کانمان.

یانی پربوونی گه رووی قاپ و قاچاغی ماله کانمان له توز.

له زوربوونی پاسی پولونی ریگای شیخ محی الدین دا ده ستی هه یه.

له سه ر سی قاچ راوه ستانی میزه کانی قوتابخانه دا، قاچی هه یه.

له به رز بوونی مناره ی مزگه وته کان و

له که می رووبه ری شانوکان دا نه خشه ی هه یه.

له کوبوونه وه ی هه موو بناری هه ورامان به شاری هه له بجه یشه وه

له به ر ده رگای چاخانه یه ک له شه قامی ئه سحابه سپی، کورسی هه یه.

ده ست ده خاته سه ر ده می ژنانی گه ره ک له کاتی پیکه نینیان دا، تاکو دانیان ده رنه که وی.

زولف لادانی کچه کانمان له سه ر شه قام ده کاته سلاو.

خوشه ویستی ده کات به گان.

دیته سه ر ریگای قه سیده و خالی پشکنین داده نی.

به په نجه یه ک، هه ندی وشه ی تیا داده گری.

هه ندی جاریش، ده بیته ری بینی قه له م، ده ستی دیر و رسته ده گری.

له تابلوکان دا، ده بیته سنووری نیوان ره نگه کان، یان به گورستانی فلچه.

له گه لمانا داده نیشی، نوکته ده کات.

به بزه مان پیده که نی.

فرمیسک دینی، شادی دینی.

وه کو ئیمه له سه ر ته خته ی نه شته رگه ری راده کیشری و

نه شته رگه ری لوت و چاو و ده می ده کری.

ئه و ته نها خوی وشه یه که و فه رهه نگیکیش.

ئه و ته نها ده م و چاویکه و هه زار روخسار.

که چی له ژیر به رگی هه زار ره نگ دا ده رده که وی.

***

هەولێرنامەی کتێب

# شەوی دەمامکەکان

نووسینی: د. ئه حمه د ئیبراهیم فه قی
وه رگیرانی له عه ره بی یه وه: ئیبراهیم فه تاح

خوی کرد به هولی ئاهه نگه که دا و ده مامکیکی که ری له سه ر رووی داناوه.
به ریوه به رایه تی گونده سه یرانگه یی یه که، شه ویکی له پروگرامه که ی دا دانابوو، ناوی نابوو «شه وی ده مامکه کان»... له کوگای گونده که یش دا ژماره یه کی زور و فره جوری ده مامک هه لدرابوونه وه تاوه کوو میوانه کانی ئه و ئاهه نگه ده رفه تیکی فراوانی هه لبژاردنیان له به رده م دابی.
پیش چه ند کاتژمیریک له کاتی ده ستپیکردنی ئاهه نگه که چوو بو کوگاکه و، له ناوه راستی جه نگه لیکی ده مامک دا راوه ستا و هه ولی دا ده مامکیک بدوزیته وه به دلی خوی بی. ده مامکی «شیر» ی خسته سه ر روخساری. هه ستی کرد ته سکه و هه ردوو بناگوی و چه ناگه و ته ویلی ده گوشی... له ئاوینه که دا سه یری روخساری خوی کرد که بینی وا هه ر دووچاوی ده گورین بو به شیک له سیماکانی شیر، هه ستی کرد بو شان و شکوی پادشای جه نگه ل ناشین؛ جا ویرای درنده یی که لبه کان و چری ئه و تووکه ی ده م و چاوی شیره که ی داپوشیوه و ویرای کارامه یی دروستکاری ده مامکه که ش له سیماکانی تری دا، به لام هه ر ئه و دوو چاوه ن که شیر ده که ن به شیر.
هه مان شتیش له گه ل پلنگ دا؛ که چاوه کانی زورزکز وه ده رکه وتن کاتیک که ده مامکی پلنگه که ی له سه ر روخساری دانا و، هه ر دوو چاوی خوی خسته جیی دوو چاوی ئه و ئاژه له ی له تیریکی گرگرتوو ده چی. دلنیا بوو له وه ی به که لکی ده وری سه روکیک له سه روکه کانی جه نگه ل نایه و، پیویسته له سه ری له نیو تاکه کانی ده ست و پیوه نده کان دا وه دووی جییه کی ره شوکانه دا بگه ری بو خوی.
پیش ئه وه ی هه لبژاردنه که ی بگویزیته وه بو نیو ئه و ده شتانه ی نزمترین پله ی پله په یژه ی کومه لا یه تی نیوان بوونه وه ره کانی جه نگه ل پیک ده هینن، وای به باش زانی به ختی خوی له گه ل هه لو دا تاقی بکاته وه. هه لو بالنده یه کی ره سه نی به خشنده یه؛ ئازادی خوش ده وی و شه یدا و سه ودا سه ری لوتکه بلنده کانه... ده مامکیکی له م چه شنه ش شایسته ی ئه وه یه هه ستی سه ربه رزی پی بدا و ئه و شه رم و بیزاری یه ی له کول بکاته وه که هه میشه له م چه شنه ئاهه نگه گه مه بازی یانه دا هه ستی پیده کا. به لام کاتیک له ئاوینه که دا سه یری روخساری خوی کرد و ده نووکه چه ماوه دریژه که ی و رووبه ری دوو چاوه بچووکه که ی بینی، ده رکی کرد که ئه م ده مامکه تا چ ئاستیک نه شازیک له گه ل به شه کانی تری له شی دا دروست ده کا.
به داخ و که سه ره وه ده مامکه که ی گه رانده وه بو جیگه ی خوی و ده ستی کرده تیرامان له ده مامکه هه لواسراوه کانی تری نیو کوگاکه. وازی له ئاژه له شاخداره کان هینا و لییان نزیک نه که وته وه، وه ک گا و حوشتر و به ران و سابرین، هه روه ها ئاژه لی تاک شاخیش... چونکه نه یده ویست به شاخیک یان به دوو شاخی له سه ر نراوه وه به نیو خه لک دا بی وبچی.
به لام دوودلی نه کرد له تاقی کردنه وه ی زور ده مامکی تردا. ده مامکی ئه سپ و سه گ و پشیله و گورگ و ریوی و که رویشک و مه یموون و ورچ و چه قه لی له روخسار کرد. که ده مامکه کانی ده پوشی، له ئاوینه که دا له خوی راده ما و داوای له ئافره ته فروشیاره که یش ده کرد بوچوونی خوی پی بلی، ئه ویش ئه م شیوه یه ی پی باش نه بوو، هه روه ها خویشی به دلی نه بوو.
ده مامکی تری بینی. ده م و چاوی بوق و جرج و مارمیلکه و سموره یان هه بوو؛ لییان نزیک نه که وته وه، چونکه

نەیدەویست بچیتە دنیا کەیانەوە. چووە لای ریزیک دەمامکی خواستراو لە فلیمەکانی کارتون و پالەوانەکانیانەوە، وەک "میکی ماوس" و "دونالد دکی" مراوی و حەوت بەرازە کە. هەستی کرد دەمامکی رەشوکی سواون و فیزی نابزوینن. بە سەرسامی وەستا. لە پیشەنگای روخسارە ئاژەلی یەکاندا چاوی دەگیرا و بەخوی و بەبیروکەی ئەم ئاهەنگە کە پیشتر شتی وای نەدیوە، پیدەکەنی. لە خوی دەپرسی ئاخو دانایی یە ببی بە بەشیکی گالتە بازاریکی لەو چەشنە؟ تەنانەت ئەگەر بو هەرزەکارانی خوار بیست سالیش بلوی، ئەوا بو کەسیکی وەک ئەم کە گەیشتوتە نیوە راستی تەمەن نالوی. ویستی کوگاکە بەجی بهیلی و واز بهینی لە فیکری بەشداری کردن لە ئاهەنگە نەناسی یەکەدا.

کاتیک بەرەو دەرگاکە هەنگاوی دەنا، بینی کە دەمامکی کەر ریگەی پیدەگری. راوەستا و دەستی کردەوە بە بیرکردنەوە و تەماشای دەمامکەکەی دەکرد. ئەو پەیوەندی یەی هاتەوە یاد کە لە کاتی منالیدا، پیش ئەوەی لادی بەجی بهیلی، ئەمی بەو ئاژەلەوە بەستبووەوە. بەخەیال وینەی ئەو کەرە پیرە لەرەی بینی کە لەناو مالەکەدا لەگەلیان دەژیا و وەک یەکیک لە کەسەکانی خیزانەکە مامەلەیان دەکرد. ئەو هات وچویانەشی هاتەوە یاد کە لەگەل کەرەکەدا دەچوو بو ناو دارخورماکانی دەرەوەی گوندەکە یاخود بو بیستانی کالەک و باریک زەردە خورما یاخود کالەک یاخود چیلکە و چالی لیدەنا و دەگەرایەوە و خویشی لەسەر بارەکەوە سوار دەبوو؛ منگەمنگی بو دەکرد و گورانی بو دەگوت و کەرەکەش بە ئاسودەیی دەرویی، وەک ئەوەی سەما بکا. هوگری یەک لە نیوان خوی و ئەو کەرەدا دروست بوو؛ تا ئەو رادەیە کە ئاودان و ئالفدانی خستبووە ئەستوی خوی و، کاتیکیش لە ئەنجامی پیریەتی دا، نەخوشی تەنگی بە کەرەکە هەلچنی، بردیان بو بیابانەکە تاکو لەوی، وەک نیچیریکی درندەکان توشی چارەنووسی خوی ببی.

لە دوایی دا زانی چی رووی داوە.. ئیتر روژگاریکی دریژ لە شەودا دەگریا و بەدل سووتاوی و تاسەوە دەربارەی چارەنووسی دوای مردنی کەرەکە و دەربارەی ئەوەی ئاخو کەریش دەچیتە بەهەشتەوە پرسیاری لەخەلکی گوندەکە دەکرد. لەو بروایەدا بوو کە ئەم ئاژەلە چاک و بەئارام و رەنجدەرە، شایستەترین بوونەوەرە بو چوونە ناو بەهەشتی خواوەندەوە.

ئافرەتە فروشیارەکە سەیری کرد کە دەمیکە لەبەر دەمامکی کەردا وەستاوە؛ بویە دەستی دریژ کرد و دەمامکەکەی دایە دەستی و، لە راگیرکردنی دا لە سەر روخساری یارمەتی دا. لەیەکەم ساتی رووپوش کردنی یەوە هەستی کرد کە ئەمە بەتەواوی ئەو دەمامکەیە کە ئەم بەدووی دا دەگەرا. پرسیاری لە ئافرەتە فروشیارەکە کرد، ئەمیش حەماسیکی گەورەی بو دەم و چاوی کەرەکە دەربری و پیی وابوو زیاتر لە هەموو ئاژەلیکی تر لەگەلی دا دەگونجی.

دەمامکەکە ریک وپیک بوو، هەروەها روالەتەگەورەکانی روخساری کەرەکە بوشایی و فراوانی ئەوتوی دروست دەکرد کە وەک دەمامکەکانی تر گوی و چاو و لووت و دەمی نەگوشی و، بواری دەدا بەبی هیچ گرفتیک ببینی و ببیستی و هەناسە بدا و قسەبکات. کاتیک لە ئاوینەکەدا سەیری خوی کرد، ئەو تەبایی یەی نیوان روخساری کەرەکە و روالەتی دەرەوەی خوی بەدل بوو. هەر وەک ئەوە بوو لەشی بو ئەوە خولقابی تاوەکو لەگەل سەری کەردا بگونجی.

ئیتر هیچ هویەک بو دوودلی کردنی نەمایەوە. ئەم دەمامکە وای لیکرد زور بەجوش وخروش بی بو بەشداری کردن لەم چەشنە ئاهەنگە خوشەدا، کە دەبیتە سەرزەنشت کردنی ژیانی مروف و پیروز راگرتنی جیهانی چوارپییکان و میرووەکان.

دەمامکەکەی کری و چاوەریی کرد تا کاتی دەسپیکردنی ئاهەنگەکە هات؛ ئیتر لەدەم و چاوی کرد و چووە ئەو هولە فراوانەی کومەلیکی زوری دەمامک پوش، پیش ئەو روویان تیکردبوو. بوی دەرکەوت لە نیوە راستی جەنگەلیکی پر لە شیوەی جوراوجوری ئاژەلان دایە. چاوی بەدیکوری هولەکەدا گیرا... درەختی هەلچووی لە کارتون دروست کراوی بەدی کرد کە بەدیوارەکاندا هەلگەراون و رووناکی پەرت وبلاویان پیدا شوردەبیتەوە. هەستی‌کرد وەک ئەوەیە چووبیتە ناو جەنگەلیکی سیحری یەوە.

هەموو شتیکی جەنگەلەکە هاوتەبا بوو لەگەل گیانی ئاهەنگەکە، لەوانیش ئافرەتە بزوینەرەکەی ئاهەنگەکە لەوە

ده چوو جنوکه یه ک بی له جنوکه کانی جه نگه له که. چه ند ملوانکه یه کی گولینی کردبووه ملی و گولی سوور و سپی دابوو له پرچه ئالتونی یه که ی؛ کراسیکی چه شنی بالی په پوو له ی له به ر کردبوو و بازنه ی فسفوری به ده ور دا هه بوون که وای لیده کرد باق و بریقه ی بی. روخساریشی به ئاوه لایی هیشتبووه وه تاوه کو خوی له‌و میوانانه ی ئاهه نگه که جیا بکاته وه که روخساریان به ده مامک داپوشیوه و جل وبه رگی ئاساییان له به ر کردبوو. ئیتر له مه وه ده یتوانی به ئاسانی نیر و می له یه کتر جیا بکاته وه.
ئافره ته بزوینه ره که ی ئاهه نگه که بلندگوکه به ده سته وه ده گری و داوا له ئاماده بووان ده کا زمانی مروف به کار نه هینن و هه‌ر له سه‌ره‌تای ئاهه‌نگه‌که‌وه خویان به‌وه رابهینن که ده‌نگیک به‌کار بهینن که له‌گه‌ل ئه‌و ده‌مامکانه‌ی پوشیویانه بگونجی. شوینه که پر بوو له قیره ی بوق و حیله ی ئه سپ و نه ره ی شیر و لووره ی گورگ و وه ره ی سه گ و میاوه میاوی پشیله و باعه باعی ئاسک و بوره ی گا و قیژه ی مه یموون.
ئه ویش هه ستی کرد پیویسته بزه رینی و لاسایی که ر بکاته وه. ماوه یه کی که م به بیده نگی مایه وه. هه ول ده دا زال بی به سه ر ئه و شه رمه ی هه ستی پیده کا. ئه م قایل بوو به وه ی ده مامکی که ر بپوشی، به لام ئه وه ی که هه ست و نه ست و ره وشتی که ر بنوینی و وه کو ئه و بزه رینی، ئیتر ئه مه ی به لاوه کاریکی یه کجار قورس بوو. وای ده هاته پیش چاو که به بیده نگ بوون و وه ستاوی خوی سه رسامی له چاوی هاوریکانی دا، ئه وانه ی نیشته نی جه نگه له که ن، ده وروژینی.
ئیتر به ده‌نگیکی کز ده‌ستی کرد به زه‌رین. گه‌مه‌که چوو به دلی‌دا و هه‌ستی به چیژی خو تیکه ل کردن به که شی ئاهه نگه که کرد؛ بویه وای لیهات ده نگی به رز ده کرده وه و وه ک که ره کانی گونده که ی، به به‌رزی ده یزه راند.
بوی ده رکه وت که که سانی تر هه ن وه ک ئه و ده زه رینن و پیاوان و ژنانیک وه ک ئه و د ه مامکی که ریان پوشیوه. ئیتر دلخوش بوو به وه ی که ئه م ته نیا که ری ئه م ئاهه نگه نیه. جنوکه ی جه نگه له که یش له ژیر تیشکی رووناکی یه کان دا باله فره ی ده کرد، بلندگوکه ده گریته وه ده ست و پیروزبایی له ئاهه نگ گیره کان ده کا که به چاکی ده وره کانیان ده بینن و توانایه‌کی له راده‌به‌ده‌ریان هه‌یه له‌سه‌ر گورین له سروشته مروییه‌که‌یانه وه بو ئه و سروشته ئاژه لیه ی له چه ند ساتیکی که‌مه‌وه چنگیان که‌وتووه. داوایان لیده‌کا هه‌ر که‌سه پیشه و خویندن و ئاستی کومه لایه تی و خه لکی کام ولاته‌یه له‌بیر خوی به‌ریته‌وه و هه‌ول بدا تاوه‌کو به ته‌واوی له گه‌ل روح و رواله ت و که سایه تی ئه و ده مامکه ی پوشیویه تی بگونجی؛ چونکه ئه مشه و نایه وی یه ک مروف ببینی، به لکو ده یه وی ئاژه له کانی جه نگه له که ببینی و، ئه میش ئاسووده ده بی و ئاهه نگ ده گیری به م ئاشتی یه ی له نیوان تویژه ململانی کاره کانی دا فه راهه م بووه.
به‌لام هیشتا ململانی به ته‌واوی له‌سه‌ر زه‌ینی جه‌نگه‌له‌که وون نه‌بوو بوو. ئه وه تا نیره کان به ده وری می یه کان دا ده‌خولینه‌وه؛ هه‌ر وه‌ک ئه‌وه‌ی نیره‌کانی جه‌نگه‌ل له‌گه‌ل می‌یه‌کانیان‌دا د ه یکه ن و هه ندیکیان یه خه ی هه ندیکی تر ده‌گرن. ئه‌وه‌تا شیریک دژایه‌تی شیریکی‌تر ده‌کا له‌سه‌ر ئافره‌تیک که ده‌مامکی مێینه‌ی شیری پوشیوه؛ ئه‌وه‌تا مه یموونیک له گه ل مه یموونیکی تر دا له سه ر ئافره تیک که ده مامکی سه ر به پولی مه یموونه کانی پوشیوه شه ریه تی.
به لام ئه وه یش، به مه به ستی داب و نه ریتی گه مه که و بو پاراستنی ئه و سه ره تای ئاشتی یه ی بو خه لکی جه نگه له که هاتوته دی، شه ریکه به نه ره نه ر و قیژه قیژ و، ناگاته شه ر و پیک داکیشان به که لبه و نینوک.
ئه میش هه ولی دا ماکه ریک بدوزیته وه و دووی بکه وی و، که میک به گژ ئه و نیره که‌ره ی به ده وری دا خول ده خوا بزه‌رینی. جا له‌به‌ر ئه‌وه‌ی یه‌کیکی نزیک له خوی نه‌دوزیه‌وه گه‌مه‌ی له‌گه‌ل بکا، بویه به ناو ئاپوره که دا که وته گه ران. پیش ئه وه ی به ماکه ره که بگا، ژنیکی بینی ده مامکی پشیله ی پوشیبوو. یه کسه ر زانی ئه مه ئه و ئافره ته یه که بینی له دوکانی ده مامکه که چووه ده ره وه و هه مان ده مامکی هه لگرتبوو. پیش ئه وه ش بینی بووی و، سه رنجی خه سله ته مێینه کانی دابوو که کلپه ی ئاگری له دل به ردا بوو... سنگیکی به رز له پیشیه وه ده روا و، دوو لیوی پر که درزیکی بچووک له یه‌کتریان جیاده‌کاته‌وه وه‌ک ئه‌وه‌ی له‌باری ئاماده بوون دابن بو ئاخاوتن...؛ له‌شیکی به لارو له نجه ش که بانگه وازیکی ئاشکرای خوشه ویستی کردنی لی به رز ده بیته وه.

ئیتر ئه و ئابلوقه یه ی پیاوانی سه ودا سه ری جوانی یه كه ی به ده وری دا دایان نابوو، به زاند تاوه كو پیی گه یشت؛ وه لی بیجگه له ره ت كردنه وه و ده ست پیوه نان زیاتر هیچی لی ده سگیر نه بوو. ره نگه ئه و سه ودا سه رانه ئه مشه و لیی بی ئاگابن و ده رك به كه سایه تیه كه ی نه كه ن كه وا خوی له پشت ئه م ده مامكه وه حه شار داوه، ئیتر ئه م له گه لی دا شاد ده بیت. ئه و له م موله ته دا و له چوونه ناو ئه م كاروانه ی ئه و گه شتكارانه ی گه یشتوونه ته ئه م گونده سه یرانگایی یه، ته نیا وه دووی سه رچلی یه كی سوزداری دا هاتووه، كه لیبوردنی په یوه ندی یه كان له م شارانه ی هه نده ران ده یره خسینی.. تاوه كو ببی به قه زاوه تی ئه و روژه نه هات و وشكانه ی له نیوه ندی داب و نه ریتی شاره بیابان نشینه كه ی دا ژیاوه كه پیاوان و ژنان له یه كتری داده برن.

به لام ئاخو چون ده توانی به سه ر ئه و كوسپانه دا باز بدا كه سروشت له نیوان پشیله و كه ر دا دایناوه، خوزگه هه ر ئه و كاته ی بینی ده مامكی پشیله ی كریوه، ده گه رایه وه بو دووكانه كه و ده مامكیكی وه ك ده مامكه كه ی ئه وی ده كری، ئه وسا بوی ئاسان ده بوو هاوده می ئه مشه وی به ریته وه. گه مه كه یاسای خوی هه یه، ئیتر چون ده توانی ته شقه له به و یاسایانه بكا كه ریگای پیگه یشتنی لی قه ده غه ده كه ن. ده ركی كرد به كرده وه ش كه ر بوو نه ك ته نیا هه ر به ده مامك.

بزوینه ری ئاهه نگه كه هه ستی كرد كاته كه ی بو سه ماكردن گونجاوه، چونكه له تاقی كردنه وه ی یه كه م دا، له وه ی زمانی مروفیان به جی هیشت و چوونه سه ر زمانی وه رین و نه رین، سه ركه وتوو بوون. ئه وه تا ئیستا بو تاقی كردنه وه ی دووه م بانگه وازیان ده كا، كه به و هویه وه جه خت له سه ر تیكه لاو بوونیان به مه مله كه تی ئاژه لان ده كه ن. چووه ناو مه یدانی سه ماكه و به یارمه تی موسیقا و ئه و بازنه رووناكیانه ی دووی ده كه وتن كه ماته ره فسفوری یه كه ی كراسه كه ی دره وشاوه تر و پرشنگدارتر ده كرد، گورا بو په پووله یه كی ئاگرین، باله فره ده كا و وه ك ئه وه ی به ناو هه وا دا بفری سه ما ده كات. داوای له ئاماده بووان كرد كه وه ك ئه و سه ما بكه ن، سه مایه ك كه له گه ل ئه و ده مامكانه ی پوشیویانه بگونجی، با شیر هه ولبدا ئه و سه مایه بكا كه له گه ل شیر دا بگونجی و .. هه مان شتیش له گه ل ئاسك و گا و مه یموون و هه لو دا.

خه لكه كه ده ستیان كرد به وه ی قاچ و سه ر و ده ستیان به هه وادا ده بزواند. وه ك مه یمونان بازقه له یان ده دا و، وه ك بالی بالنده بالیان ده جوولاند... وه ك ئه سپ پی یه كانیان به زه وی دا ده كیشا، ئیتر خوی له نیوه راستی شه پولیك دا دیبیه وه كه له گه ل خوی دا هه لی ده گری و فریی ده دایه جه رگه ی ریزی سه ماكانه وه. وای لیهات سه ری به رز ده كرده وه و هه وای هه لده مژی و له شیوه ی به له سه بوون دا لاسای كه ری ده كرده وه و له قه ی له زه وی ده دا و جووته ی به ئاسمان دا ده هاویشت. شاگه شكه ببوو به و ئازادی یه ی ده مامكی كه ر پیی به خشیبوو. جووته ی ده هاویشت و خوی ده گه وزاند و پیی له قاچی خه لك ده نا یاخود خه لك پییان له قاچی ئه م ده نا.

هیچ شتی گرنگ نیه، ئه و چیژی له م سروشته ئاژه لیه وه رگرتووه كه ده رفه تی سه ماكردنی ده دا بی ئه وه ی له لومه ی لومه كاران بترسی، چونكه یاساكانی سه ما نازانی. تیپه كه له سه ر ئاوازه كانی خوی به رده وام بوو كه له لوره لور ده چوون. هه روه ها ئه و رووناكیانه ی له بنمیچی هوله كه وه له شیوه ی بازنه و پرشنگی خیرا خیرا دا ده هاتن ده دره وشانه وه و جوش وخروشیكی زیاتری خستبووه سه ر بزوتنه وه ی سه ماكه ران. ئه میش هه رچه نده یه كی له و ئافره تانه ی سنگ و سمتیان باده دا و لاسایی سه مای به رازیان ده كرده وه لیی نزیك ده كه وتنه وه، له سه ر سه ما چوارپییه كه ی و زه رینه پچر پچره كه ی به رده وام ده بوو. هه ستی به ماندوویی كرد، له به ر ئه وه مه یدانی سه ماكردنه كه ی به جی هیشت و، خوی خسته لا یه كه وه هه ناسه بدا و ئه و ئاره قه ی به مل و سنگی دا ده هاتنه خواره وه بسری.

هه ولی ده دا بگا به و ئافره ته ی ده مامكی پشیله كه ی پوشیوه كه له كاتی سه ماكردندا لیی بزر ببوو. له گوشه و قوژبنه كانی هوله كه دا به دووی دا ده گه را؛ بوی ده ركه وت له وی دا ژووری بچووك بچووكی رووناكی كه م و پر له قه نه فه و كورسی نه رم و پشووهین له ته نیشت هوله كه وه هه ن، كه ژماره یه ك له هاورییانی ئاهه نگه كه ی له سه ر دا نیشتوون و

هەواڵنامەی کتێب

جووت جووت، نیر و می، دابەش ببوون. گەمە و دەست لە ملانی یان دەکرد و هەندی جاریش دەمامکەکانیان لادەبرد، بەبی پابەند بوون بە رینمایی یەکانی بیژەری ئاهەنگەکە و بەبی پابە ند بوون بە وە ی دە بی نیر هاودە می کچانی رە گە زە کە ی خوی بکا.

لە و ژوورانە دا بینی شیر لە گە ل سە گ دایە؛ گا دە ست لە ملی مارمیلکە یە کی مییینە دە کا؛ تاک شاخ لە گە ل زە رافە دا دانیشتووە؛ گورگ خوشەویستی خوی بە مریشک دەگەیەنی و گویرە کە، دە لە بە رازی خوش دە وی... بە راستی کە ر بوو کاتی وای دە زانی جە نگە ل یاسای هە یە! جە نگە ل، باز بە سە ر هە موو ریگا و یاساکان دا دە دا. کە واتە ئە مە هە لی خویەتی، تاوەکو ئەو پشیلەیەی کە ئەقل و دلی بیدار کردووە بو خوی بقوزیتەوە و تا رادە ی تینویتی شکاندن لە جامی جوانی و خە سلە تە مییینە کە ی بنوشی. ئە م کە نە یتوانی بە شیوازە کانی مروف پیی بگا، کە واتە با هە ول بدا بە شیوازە کانی بوونە وە رە کانی جە نگە ل پیی بگا.

ئەمجارەیان بی گویدان بە وتەکانی ئافرەتە بیژە رەکە، کە میوانەکانی ئاهەنگەکەی هان دەدا تاوەکو ئاویتەی دەورەکانیان ببینن و تەماحی خەلاتیکی گەورەی دەخستە بەردەمیان کەوا دەدری بە و کە سە ی بە لیهاتوویی یە وە لاسایی ئە و گیاندارە ی دە مامکە کە ی پوشیووە دە کاتە وە و بە رجە ستە ی دە کا، کە وتە گە ران بە دووی دا.

پشیلە کە ی خوی بە دی کرد کە لە نیوان سە ماکە ران دا بە رز دە بیتە وە و میاوە میاویکیەتی ئارە زووی لی دە باری. ئیتر رویی تاوە کو لە تە نیشتی یە وە دە ستی کرد بە سە ما و زە رین؛ دە سبازی و گە مەی لە تە ک دا دە کرد و هە ولی دە دا دە ستە موی خوی بکا. موسیقاکە هیواش بووە وە؛ لە گە ل ئە ویش دا جم وجولی سە ماکە رانیش هیور بووە وە. ئە مە ی بە هە ل زانی تاوە کو سە مایە کی لە سە ر خوی لە گە ل بکا. هە ردوو بالی تی ئالاند و، لە شی بە لە شیە وە نووساند و سە ری خستە بان سە ری. هە ستی کرد پالی پیوە دە نی و هە ول دە دا لە شی لە دە ستی ئە م رزگار بکا تاوە کو بگە ریتە وە سە ر سە ما خیراکە ی خوی.

بە لام ئە م زیاتر خوی پیوە لکاند و بە پە روش بوو لە ئامیزی دا بیهیلیتە وە. کە لە شی گرتبووە ئامیز و ریگە ی بە رگری کردنی لیدەبری هەموو لەشی گرژ ببوو. بە زورەملی سەمای لەگەلدا دەکرد و بەدەم سەماوە بەرەو ژوورەکەی تە نیشت هولە کە پالی پیوە دە نا. گە یاندی یە لای دە رگای ژوورە کە و بە توندی رای کیشا بو لای یە کیک لە قە نە فە کان، ئە ویش هیشتا بە رگری دە کرد و نارازی بوو... تا وە کو بە زور لە سە ر قە نە فە کە داینیشاند. لە تە نیشتی یە وە دانیشت، دا وای لیبوردنی لیکرد لە سە ر ئە م ریگە ساویلکانە یە ی لە گە لی دا پیی جوولاوە تە وە، چونکە لە ناو ئە م هە راو لورە لورە دا لەم ری یە زیاتری نەدوزی یەوە تاوەکو وای لیبکا گویی بو رادیری. کە شتیکی گرنگی هە یە دە یە وی پی ی بلی. جاپیش ئەوەی ئەم قسە گرینگەکانی بگیریتەوە، ئەو بە توورەیی یەوە هەستایە سە رپی؛ نە فرە تی دە کرد و جنیوی دە دا و بە دووی یە کیک دا دە گە را بی و لە ئاهە نگە کە دە ری بکا.

ئەمە توورەی کرد. دەستی گرت و بەتوندی هینایەوە سەر قەنەفەکە. بو ئەوە ی نە هیلی رابکا، خوی دا بە سە ری دا. داوا ی لیکرد گوی رادیری بو ئە وە ی پیی دە لی و دە رفە تی بدا ساتیک خوشە ویستی لە گە لدا بە سە ر بە ری. ئە ویش بە توندی قیژاندی، کە وای کرد ئامادە بووان بە فریایە وە بین و گە لە کومە کی بکە ن تا وە کو لە سە ری لای بە رن.

ئە وساتە دە رکی بە ناقولایی کردە وە کە ی خوی کرد، بە شلە ژاوی یە وە و بی ئە وەی بتوانی قسە بکا راوە ستا. ئاخو چون دە توانی پاساوی کردارە کە ی بداتە وە و داکوکی لە تاوانی هە ولدانی ئە تک کردنی بکا. ئاخو هە ر ئە وە ندە دادی دە دا کە بلی دە سبازی و گە مە ی لە تە ک دا دە کرد، هە ر وە ک ئە وە ی لە فلیمە کانی کارتون دا روو دە د ە ن، یاخو پییان بلی وە ک پە یرە وکردنی یاساکانی یاری یە کە و رینمایی یە کانی سە رپە رشتکارانی ئە م ئاهە نگە ئاویتە ی دە ورە کە ی بووە و ئیتر مافی لومە کردنیان نیە ئە گە ر ئە م بە باشی دە ورە کە ی بینیوە و هە ست و نە ستە کانی کە ری بە رجە ستە کردووە و، ئە و شەهوەتە ئاژەلی یەی لە کەللەی کەران دەدا لە کەللەی ئەویشی داوە. کابرایە کی کە ر بوو... جا لە بە ر ئە وە ی نە روخساریکی جوان، نە دە نگیکی خوش و نە ئە قلیکی بالای هە یە تاوە کو لە بە ر دە م بوونە وە رە کانی جە نگە لە کە دا

شانازی پیوه بکا... بویه ته نیا ئه وشته ی به کار هینا که له هی هه موو بوونه وه ره کانی تر گەوره تره.

له ترسا ساکابوو که بینی بال کیشی ده که ن و به ره و سه کوکه ی ده به ن و، له ژیر رووناکی یه زه قه کان دا رای ده گرن و... هوله‌که‌ش بیده‌نگی چاوه‌ری‌کردن دای پوشیبوو. ته‌واو دلنیا بوو له‌وه‌ی له‌به‌ر ئاماده بوانی ئه م ئاهه نگه دا ئابرووی ده به ن و ئه و ره فتاره ناشیرینه ی تاوانبار ده که ن که به ره و دادگا و چه ند سالیک به ندیخانه ی راپیچ ده کا که له گه ل تاوانی ده ستدریژی کردن دا ده گونجین... به لام به سه رسامی یه کی له ئه ندازه به ده ره وه بینی کاسیک ده نینه نیو ده ستی و ملوانکه یه کی گولین ده که نه ملی و ناوی ئه م وه ک یه که م براوه ی پیشبرکی یه که را ده گه یه نن، که ره فتاری له گه ل ئه و ده مامکه ی پوشیویه تی ده گونجی... به راستی ئه مشه و شایسته ی ئه و بوو نازناوی یه که مین ئاژه ل هه لبگری.

ژیده ر:ـ روژنامه ی «الشرق الاوسط» ژماره_ ٥٩٨٧_ پینج شه ممه ٢٠/٤/١٩٩٥

***

# گەورە بووم و دەستم بەو هەتاوە سوورە نەگەیشت!

بە یان ناسیح

جیهان لای من تەنها دییەکە و شارەکەی تەنیشتمان بوو. کاتی ئەچوومە سەر تەپولکەکەی پشتی مالمان، ئەمتوانی هەموو دنیا ببینم. کوتایی دنیاش لە بەر چاوەکانی من زنجیرە شاخەکان بوو. ئە گە ر چی تە مە نم تە نها پینج شە ش سالیک بوو، بە لام ئە ندیشە و خە یالە کانم زور لە خوم گە ورە تر بوون.

ئەبی چی روو بدا، روژی بروم! کەس پی نەزانی و بروم! ئەزانم بەرەو کوی بروم... تا ئیوارە پیی ئە گە م... هە موو ئیوارە یە ک لە یە ک شوین دا وون ئە بی... ئە مە وی بزانم لە پشتی تووە چی هە یە... ئە مە وی دە ستت لی بدە م... ئە مە وی بزانم ئە و رە نگە جوانانە چین... ئە مە وی لە نزیکە وە بت بینم... ئە گە ر هە ر بروم پیی ئە گە م... نازانم تا ئە وی چە ندە دوورە... بە لام، زوریش دوور نیە.

ئای چەند لام جوانی! چ رەنگی؟ سوور... زەرد... نارنجی؟ چ رەنگی؟ ئیواران خەریکە بوت شیت ئە بم، تامە زروتم... کە س نازانی ئیواران بو ئە چمە سە ربان... هە موو دە مە و ئیوارە یە ک ئە لیم دیم... روژی دە ستت هە ر لی ئە دە م... ئیواران بو خوت وون ئە کە ی...؟ ئە ی بە یانیان چون لە ناو شاخە دوورە کانی ئە و سە ری دی یە کە وە سە رهە لدینی...؟

پیم وابوو بەیانیان بە ژیرماندا تی ئەپەری! هەندی جاریش ئەم ووت نە ء! ئەگەر بە ژیرماندا بروا عەرزەکە ئەجولیتەوە... هەر بە ئاسماندا ئەگەریتەوە؛ لە بەر تاریکە شەو ناتبینم. کاتی لە سەربان روو بەو تیشکە رە نگاورە نگانە ت دائە نیشتم مە ستت ئە کردم...

بیرم نیە کە ی و چون گە ورە بووم! کاتی زانیم ووتیان ئە وە ندە مە چو سە ربان... "وا گە ورە بووی"! کی هە بوو لیم تی بگا کە من بو بینینی تو دیمە سە ربان...!!

پیم وابوو بە شی لە تیشکە کانت تایبە ت بو منن... تایبە ت رووت لە سە ربانە کە ی ئیمە یە... پیم وابوو بە خاتری من وا ئە کە ی... ئای چە ندم خوش ئە ویستی...!!

گە ورە بووم... سالان هاتن و چوون. گە ورە تر بووم.. ئیتر زانیم ئاسمان هی کە س نیە... ئەگە ر سە د تفیش بە ئاسمان دا هە لدە ی، چاوە کانت کویر نابن... زانیم کە توش ئە و توپە رە نگاورە نگە نیت... نە رم و نول نیت... بە لکو توپە لی ئاگری؛ نیوە ی تە مە نت رویشتووە و نیوە ی ماوە. ماموستا سە ری دە رنە دە چوو لە وە ی کە بو لە وانە زانستی یە کان زور باشم و لە وانە ی تر نە... بە لام خوم ئە مزانی...!

گەورەبوونی خوم لاتاوان بوو. ئەگەر نا، بو نایەلن بە دلی خوم دەمەو ئیواران بچمە سەربان. پەروبالی مەلی خە یالە کانمیان کرد؛ رووتانیانە وە. چاوشارکیی ناو کولانە کان نە ما؛ یاری کردن لە گە ل کوران دا نە ما؛ سە رکە وتن و هە لگژانی دارە توو و چنارە کان نە ما... ووتیان "گە ورە بووی!"، "بووی بە ژن"!

بو من دنیا زور بچووک تر بووە... چی تر نە چوومە سە ر تە پولکە کان تا مە ستی ئە و دنیایە بم کە زورم پی خوش بوو. دنیا گە ورە کە م لە لا بوو بە مە نجە لیک. هە ستم ئە کرد لە ناو مە نجە لیکی گە ورە داین. تە نها تروسکە ی هیوایە کم شک ئە برد، ئە وە ی لە تیشکە سوورە کانی تووە ئە مبینی، ئە و تیشکە ی تا بە ئە مروش هە ر خوشم ئە وی...

***

هەواڵنامەی کتێب

# سەختیەکانی عەبباس وەلی بو لەق کردنی بیروبوچوونی کومونیستی لە چی دایە؟

نوری کریم ٢٠ _٩_١٩٩٧

عەبباس وەلی، لە سەرەتای مانگی ئابدا (اوت)، بو ماوەی چوار روژ لە شاری ستوکهولم لە سوید لە لایەن "کومە لە ی کوردستان ئاوارە "وە کوبوونە وە ی بو ریکخرابوو. ئە م کوبوونە وانە لە لایەن "کوردستان ئاوارە "وە بە «دیفاع لە هە وییە تی ناسیونالیستی لە بە رامبە ر کومونیزم دا »نوان کرابوون، و عە بباس وە لیش ئە وە ی دە ربری کە مە بە ست لە م کوبوونە وانە "لە ق کردنی بیروبوچوونی کومونیزمە لە سە ر ناسیونالیزم و مە سە لە ی میللی لە کوردستان دا" و لە هە مان کاتدا رایگەیاند کە بو ئەم "لەق کردنە" سەختییەکی زوری هەیە بە هوی تعاطفی بە مارکس و مارکسیزمە وە لە رابوردودا.

## کام واقعیەت عەبباس وەلی کیشایە زنجیرە کوبوونەوەکانی ستوکهولم؟

عەبباس وەلی بو دیفاع لە ناسیونالیزم لە بەرامبەر کومونیزم و بو لەق‌کردنی بیروبوچوونی کومونیستی لە سەر مەسەلەی میللی هاتبووە مەیدان. بەلام لە پیش‌دا پرسیار ئەوەیە مەگەر هەر ٦ سال لەوە پیش نەبوو، کە بە رووخانی سوفیە ت و بلووکی شە رق ی بە ناو "کومونیست"، بورژوازی لە سە راسە ری دنیا بە تە واوی دام وده زگای تبلیغاتی و بە دە یان هە زار ئایدیولوگی روشنبیری خوی، لە چە شنی عە بباس وە لی، کە وتە هات وهاواری ئە وە ی کە کومونیزم دەورانی بەسەر چوو، و ئەوەی کە دنیا دنیای بازاری ئازاد و دیموکراتی و نەتەوەپەرستی یە؟! ئەگەر کومونیزم دە ورانی بە سە رچووە، چ پیویستی یە ک بە لە ق کردنی ئە م بیروباوە رە هە یە؟ ئە گە ر دە وران دە ورانی نە تە وە پە رستی و میللی گە رایی یە، بو چی ئیحتیاجی بە دیفاع لە خو لە بە رامبە ر کومونیزم دا پە یداکردووە؟ واقعیە ت ئە وە یە کە ئە م تبلیغاتە بی ناوەروک و پروپووچە و لە کاتی خوشیا تەنیا_"روشنبیرانی" حول حولی دینی وە ک عە بباس وە لی کە بە کەوچکیک ئاو ئەکەونە مەلە (کاتیک کە مارکسیزم بەرەوی هەیە تعاطفیان بوی هە یە و کاتیک ناسیونالیسم برە و پە یدا ئە کا ئە مجار نە ک هە ر تعاطف، بە لکو ئە بنە ئایدیولوگی) و پی هە لخە لە تان، وە ک بلقیکی سە ر ئاو بوو کە دەمیکە تەقیوەتەوە. ئەمانە کە خوش‌باوەر بوون بە روخانی دیواری بەرلین و هات‌هات‌و هاواری کوتایی پی‌هاتنی‌کومونیزم، هەر زوو واقعیاتی کومەلایەتی هەمە روژە، ئەوەی نیشان دان کە ئەم هات‌وهاوارە جگە لە دژایەتی‌کردنی زیاتری بیروباوەری ئازادی و یەکسانی‌خوازی و بە هیزکردنی خورافاتی دینی و بیروباوەری کونە پە رستانە ی دژی ئینسانی و هە ولی سە ندنە وە ی دە سکە وتە کانی کریکاران و دروست کردنی بیکاری ملیونی و جگە لە خولقاندنی دە یان جە نایە تی تری وە ک بوسنیا و کرواتیا و سومالی و ئە فغانستان، شتیکی تر نیە. لە بە رامبە ر ئە م جەهەننەمەدا زوربەی هەرە زوری ئینسانەکانی سەر رووی ئەم زەمینە بو دنیایەکی باشتر، بو کوتایی هینان بە م جەهەننەمەی دەسکردی سەرمایە، بو بونیات‌نانی، دونیایەک کە ئینسانەکان تیادا ئازاد بن و ئیتر هە والیک لە چە وسانە وە ی ئینسان بە دە ست ئینسان نە بی؛ خە بە ریک لە مفتە خوران و سوپا و مزگە وت و کلیسا و بیری دارزیوی نە تە وە پە رستی نە بی... لە هە ول و کوشش و خە باتی هە ر روژە دان. عە بباس وە لی لە ژیر زە خت و زوری ئە م بزوتنە وە و بیروباوەرەدا کیشراوەتەوە مەیدانی بەربەرەکانی لە گەل کومونیسم و بە تایبە ت ئە و بو دیفاع لە ناسیونالیسم ی

کورد له به‌رامبه‌ر کومونیسمی کریکاری‌دا هاتوته مه‌یدان. کی هه‌یه نه‌زانی زه ختی کومونیسمی کریکاری له سه ر ناسیونالیسمی کورد له مه نته قه که، واقعیه تیکه چاوی لی ناپوشری. زنجیره سمیناراتی عه‌بباس وه لی له ستوکهولم، بو خوی گوشه یه که له کاردانه وه ی ئه م زه خته. به لام عه بباس وه لی که میک دره نگ جوولاوه ته وه؛ ئیستا ده وره که گوراوه و وه ک ٦ سال له وه پیش نه ماوه.

ناسیونالیزمی کورد به حیزبه کانی واقعی خویه وه و به هه موو باله کانیه وه، روشنتر له هه میشه بو کومه لانی خه لکیان نیشان دا که ده سه لاتی ئه وان له گه ل ده سه لاتی حکومه ته دیکتاتوریه کانی ناوچه که قابلی جیاکردنه وه نیه. ته نانه ت رزگارکردنی خه لکی کوردستان له چه وسانه وه ی نه ته وایه تی له گره وی بی هیزکردنی ته واوی ئه م حیزبه ناسیونالیستانه دایه. هه ولی عه بباس وه لی بو کرینه وه ی ئابرووی ناسیونالیسمی کورد، به ره خنه گرتن له هه ندیک بیروباوه ری زور کون و ته‌قلیدی بزوتنه‌وه‌ی ناسیونالیستی؛ ئه‌و له‌م بزوتنه‌وه‌یه جیاناکاته‌وه که وایه هه وله که شی بیهوده یه. ته نانه ت بو چاره سه رکردنی چه وسانه وه ی نه ته وایه تی، کومونیزمی کریکاری له هه لومه رجی سیاسی ئیستای کوردستانی عیراق دا، به داواکاری سه ربه خویی کوردستان و دروست کردنی ده وله تیکی سیکولار و مودیرن، رادیکال ترین ریگا چاره سه ری بو ئه م مه سه له یه هه یه. ئه مه ریگای کوتایی هینانی یاری کردن به چاره نووسی خه لکی کوردستانیشه.

عه‌بباس وه‌لی له ناو "کوردی ئاواره‌ی هه‌نده‌ران‌دا" به که‌سیکی "روشنبیر" ناسراوه که باسه کانی به شیوه ی "زانستی" ده باته پیشه وه، که چی ئه و "روشنبیره زانایه" له سمیناره کانی ستوکهولم دا، له به رامبه ر بیری موخالیفی سیاسی خویدا زور زو هه م "روشنبیری" و هه م "زانستی" له بیر چووه و په نای برده وه بو ته قالیدی کون و سواوی بزوتنه وه ی کورد.

عه بباس وه لی ئیشاره یه کی بی سه رو به ره و بی ناو و نیشان به نووسراوه یه کی فاتح شیخ اسلامی ده کات و ته نانه ت ئیحترامیکیش بو ئاماده بووانی کوبوونه وه که ناکات که ئه وانیش خه تی ره ش و سپی لیک جیا ده که نه وه و ئه توانن ئه و نووسراوه یه بخوینه وه و نه تیجه گیری خویان بکه ن. فاتح شیخ اسلامی له "کارگر کومونیست" (بلاوکراوه ی کومیته ی کوردستانی حیزبی کومونیستی کریکاری ئیران، ژماره پینج، حوزیرانی ١٩٩٦) له ناوسراوه یه کیدا به ناوی "پلانیکی پیویست : میژووی تازه ی کوردستان ئه بیت بنوسری" ته نیا له گوشه یه کی بچووکی نووسراوه‌که دا به م جوره ئیشاره یه ک به عه‌بباس وه‌لی ده‌کات: «... عه‌بباس وه‌لی ماموستا و لیکوله‌ره‌وه‌ی علومی سیاسی، دانیشتوی بریتانیا، له‌م سالانه ی دوایی دا، چه ند مفروضاتی تقلیدی ناسیونالیزمی کورد و میژوونووسینی ناسیونالیستی ره د کردوته وه، به لام له لیکدانه وه ی گورانکاریه کانی چه ند ده هه ی ئه خیر له زه مینه ی شارنشینی و په یوه ندی نیوان شار و لادی، به روشنی له واقعیاتی کومه لگای کوردستان له دوایه. ئه و له گفتوگویه ک له گه ل گوفاری "گزنگ" دا _ زستانی ١٩٩٤_ ئه لیت ( له کوردستان هیشتا شار له به رامبه ر لادی دا نه بوته مه رکه زی قودره تی ئابووری، و ئه گه ر ریگای لادی به رووی شاردا ببه‌ستری شار تووشی قاتوقری ده‌بیت، ئه‌مه بی‌خه‌به‌ری محیطی ئاکادیمییه له واقعیاتی کومه‌لایه‌تی ئیمروی کوردستان، که له راستیدا جیگای سه رسورمانه...» "خطی تاکید له لایه ن منه وه یه.

ئه وه ی کومه لگای کوردستان به کومه لگایه کی سه ده کانی ناوه راستی لادی نشین دابنی و وابزانی خه لکی شاره کانیشی ئه گه ر دووینه و که شک و رونی هیزه ی لی ببری تووشی قاتوقه ری ئه بیت، جوریک بیرکردنه وه یه، و ئه وه ی یه کیکی تر کومه لگای کوردستان به کومه لگایه کی (ئه مرویی ) عصری و شارنشین و به ده یان کارخانه ی و ملیونه ها کریکارو سه دان ناوه ندی تری ئابووری له شاره کان دا بناسیته وه، جوریکی تری بیرکردنه وه یه. ئه مانه به هه لویستی سیاسین و به باس و جدلی سیاسی ده چیته پیشه وه. عه بباس وه لی به جیگای بی حورمه تی کردن باشتره بچیته‌ ئه م مه یدا نه وه. که م نین که سانی وه ک عه بباس وه لی و جه ره یاناتی سیاسی، که له کوردستان دا بو نیشان دانی به رهه ق بوونی بزوتنه وه و ئارمانی ناسیونالیستی، پلاتوفورمی سیاسی‌یان له سه‌ر ئه‌م بنه‌مایانه وه‌ستاندووه. مسعود بارزانی، له سه روبه ندی هات و نه هاتی هه لبژاردنی په رله مانی کارتونی حکومه تی کوردستان دا، له به رامبه ر پرسیاری هه والنیری روژنامه ی "ئیشپیگل" ی ئه لمانیادا که ده پرسیت: «کومه لگای کوردستان کومه لگایه کی شارنشینه و که سانی رووناکبیری کورد

زیاتر له ریزه‌كانی یه‌كیتی نیشتمانی كوردستان‌دا كوبوونه‌ته‌وه؛ ئایا شانسی پارتیتان چه‌نده له بردنه‌وه‌ی ئه‌م هه لبژاردنه دا؟» ده لیت: «حه تمه ن پارتی ده یباته وه چونكه كومه لگای كوردستان كومه لگایه كی لادی نشینه».

له‌ق‌بوونی ناسیونالیسمی كوردی له پیش هه‌موو شتیكه‌وه له به‌رامبه‌ر ئه‌م واقعیاته كومه‌لایه‌تیانه دایه، و سه ختیه كانی عه بباس وه لیش بو له ق كردنی كومونیزم هه ر له م واقعیاتانه وه سه رچاوه ده گریت نه ك له تعاطفی ده یان ساله ی ئه و به ماركس و ماركسیزمه وه.

بی ئیحترامییه ك كه عه بباس وه لی له كوبوونه وه كه دا كردی هه ر پیشكه ش به سوننه تی ناسیونالیستی بی، به لام ئه مه له لایه ن ئیمه وه نابیته هوی ریگرتن له باس و جدلی سیاسی جیاواز.

✻✻✻

هەواڵنامەی کتێب